خەبات

XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5945) سێ شەممە 3ی ئادار 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

پەیامێک لە سەرۆک بارزانی بۆ ڕای گشتیی عێراق و هەرێمی کوردستان:

سەرۆک بارزانی: یەکهەڵوێستیی کورد لە بەغدا دەستکەوتێکی مێژوویییە و جێگەی پێزانینە



سەرۆک بارزانی لە پەیامێکدا رایگەیاند، عێراق کەوتووەتە بەردەم قۆناغێکی نوێ کە تێیدا دەکرێ دەرفەت بۆ جێبەجێکردنی داوا ڕەواکانی خۆپێشاندەران بڕەخسێت و زەمینەیش بۆ سازانێکی گشتگیری نیشتیمانی و لەیەکنزیکبوونەوەی لایەنەکان فەراهەم ببێت.

دوێنێ دووشەممە 2020/3/2 سەرۆک بارزانی پەیامێکی بڵاوکردەوە و دەڵێت: پڕ بە دڵ سوپاس هەموو لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان دەکەم کە سەرباری بوونی بۆچوونی جیاوازی سیاسی، بەڵام لە بابەتی پێدان و پێنەدانی متمانە بە حکوومەتی تازەی عێراق یەکڕیز بوون، ئەم یەکهەڵوێستییە دەستکەوتێکی مێژوویییە بۆ گەلی کوردستان و جێگەی پێزانینە. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

پڕ بە دڵ سوپاسی هەموو لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان دەکەم کە سەرباری بوونی بۆچوونی جیاوازی سیاسی بەڵام لە بابەتی پێدان و پێنەدانی متمانە بە حکوومەتی تازەی عێراق یەکڕیز بوون. ئەم یەکهەڵوێستییە دەستکەوتێکی مێژوویییە بۆ گەلی کوردستان و جێگەی پێزانینە.

هاوتەریبیش سوپاسی هەموو ئەو هێزە سیاسییە نیشتیمانپەروەرانەی عێراق دەکەم کە بە هەڵوێستی ڕاست و مەنتقیی خۆیان ڕێگرییان کرد لەوەی قەیرانەکانی عێراق هێندەی تر قوڵ ببنەوە و عێراق بەرەو کارەسات بڕوات. ئەم هەڵوێستەیان ڕێزگرتن بوو لە بنەماکانی دیموکراسی و، هەروەها ڕەچاوکردنی ویستی هەموو پێکهاتەکانی عێراق بوو بۆ ڕاستەڕێکردنی پڕۆسەی سیاسی. لەدوای ئەمە عێراق کەوتووەتە بەردەم قۆناغێکی نوێ کە تێیدا دەکرێ دەرفەت بۆ جێبەجێکردنی داوا ڕەواکانی خۆپێشاندەران بڕەخسێت و زەمینەیش بۆ سازانێکی گشتگیری نیشتیمانی و لەیەکنزیکبوونەوەی لایەنەکان فەراهەم ببێت.

مسعود بارزانی
2ی 3ی 2020



ئەیاد عەللاوی:

سەرۆک مسعود بارزانی لەپشت سەرکەوتنی ویستی عێراقییەکان بوو

سەرۆکی مینبەری عێراقی ڕایگەیاند، خوێندنی خۆپێشاندەران و خۆڕاگریان ئەجێندا دەرەکییەکانی پەیوەست بە پێکهێنانی حکوومەتی ڕاگوزەری عێراقیان لەباربرد، سوپاسی مەسعود بارزانیش دەکەم کە لەپشت سەرکەوتنی ویستی عێراق بوو و هەروەها دەبێت ئێران بزانێت عێراق و وڵاتانی عەرەبی قووت نادرێن. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

دەبێ حکوومەتی داهاتووی عێراق ڕێز لە کیانی یاسایی هەرێمی کوردستان بگرێت



مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە میانی لێدوانێکی ڕۆژنامەوانی لە عەمانی پایتەختی ئوردن رایگەیاند، پەیوندییەکی پتەومان لەگەڵ ئوردن هەیە و پێمان وایە دەتوانین هاوبەشی باش بین بۆ پێشخستنی کەرتی ئابووری و بازرگانی و لە شەڕی دژی داعش ئوردن وڵاتێک بووە هاوکاری کردووین و ئەم سەردانەش بۆ سوپاسکردنی ئوردن و پێشخستنی پەیوندییە ئابووری و بازرگانییەکانمان بووە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

عادل عەبدولمەهدی:

پێشنیاز دەکەم 4ی دیسێمبەری 2020 هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجام بدرێت



دوێنێ دووشەممە عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی دەست لەکارکێشاوەی عێراق لە پەیامێکدا بۆ سەرۆکی پەرلەمان و سەرکۆماری عێراق، داوای کرد ڕۆژی 4ی کانوونی یەکەمی ئەمساڵ هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجام بدرێت.

عەبدولمەهدی لە پەیامەکەیدا خەمباری خۆی دەربڕیوە لە بەرانبەر شکستی محەمەد تۆفیق عەللاوی سەرۆک وەزیرانی ڕاسپێردراو، کە نەیتوانی کابینەیەکی حکوومەت لە وادەی خۆیدا پێکبێنێت، لەمبارەیەوە داوای کردووە لەبری هەوڵی پێکهێنانی حکوومەتێکی نوێ، دەست بە ئامادەکاری بکرێت بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

پەرلەمانتاریێک: کورد هەمان ئەو مەرجانەی بۆ عەللاوی هەبیوو بۆ کاندیدی داهاتووشی دەبێت

پەرلەمانتارێکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق باسی مەرجەکانی کورد بۆ کاندیدی داهاتووی پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق دەکات. مەیادە نەجار، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق بە خەباتی ڕاگەیاند، دوای سەرنەکەوتنی محەمەد عەلاوی لە پێکهێنانی کابینەکەی، بەپێی دەستوور دەبێ سەرکۆمار لەماوەی 15 ڕۆژدا کەسێکی دیکە ڕابسپێرێ بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی عێراق. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

مەحموود عوسمان:

عەللاوی باجی لەخۆبایبوونەکەی دا

سیاسەتمەدارێکی کورد پێی وایە عەللاوی بەهۆی لەخۆبایبوونەکەی و ڕەچاونەکردنی مافەکانی کورد، لە پێکهێنانی حکوومەت شکستی هێنا. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

ئومێد خۆشناو: سەرۆکایەتیی پەرلەمان و فراکسیۆنەکان ڕێککەوتوون لەسەر پێکهێنانی ژووریکی هاوبەش

ڕۆژی یەکشەممە 2020/3/1 یەکەم دانیشتنی خولی بەهارە لە سااڵی دووەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن بەڕێوەچوو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانیش لە پەرلەمانی کوردستان ئاشکرای دەکات، لەم خولەدا فراکسیۆنەکانی بەشدار لە حکوومەت ژووریکی هاوبەش بۆ هەماهەنگیی زیاتر و پێشکەشکردنی پڕۆژەیاساکان پێکدێنن. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

نەتەوە یەکگرتووەکان:

تورکیا بەرپرسە لە تاوانی گرووپە تیرۆریستییەکانی سووریا

دوێنێ دووشەممە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند کە حکوومەتی ئەنکەرا بەرپرسیارە لەو تاوانانەی گرووپە تیرۆریستییەکانی سووریا ئەنجامی دەدەن، چونکە لەلایەن دەسەاڵتدارانی تورکیاوە ڕاهێندراون و چەکدار کراون. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**



بەرپرسێکی باڵای ئێران: کۆرۆنا جەنگێکی بایۆلۆژییە و ئەمەریکا بەکاریدەهێنێت

ڕاوێژکاری سەرۆکی ئەنجومەنی شورای ئیرانی بۆ کاروباری نێودەوڵەتی ڕایدەگەیەنێت، باڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، "جەنگێکیی بایۆلۆژییە" و ئەمەریکا بەڕامبەر بە ڕکابەر و دژەکانی بەکاریدەهێنێت، بەتایبەتیش ڕووسیا و چین. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**



هەولێر.. تا ڕۆژی 21ی ئادار پرسەدانان ڕاگیرا

بە مەبەستی ڕێگریکردن لە باڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، پارێزگاری هەولێر و لیژنەی فەتوای یەکێتیی زانایانی ئیسلامیی و وەزارەتی تەندروستی کۆبوونەوە و دوای کۆبوونەوەکەش لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا، قەدەغەکردنی پرسەدانانیان تا ڕۆژی 21ی ئادار ڕاگرت. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**

ئەیاد عەللاوی:

سەرۆک مەسعود بارزانی لە پشت سەرکەوتنی ویستی عێراقییەکان بوو

دەبێت ئێران بزانێت عێراق و وڵاتانی عەرەبی قووت نادرێن



رووداو/
سەرۆکی مینبەری عێراقی ڕایگەیاند، خۆپێشاندەران و خۆپێشاندەرانی ئەجێندا دەرەکییەکانی پەیوەست بە پێکهێنانی حکوومەتی ڕاگوزەری عێراقیان لەباربرد، سوپاسی مەسعود بارزانیش دەکەم کە لەپشت سەرکەوتنی ویستی عێراق بوو و هەروەها دەبێت ئێران بزانێت عێراق و وڵاتانی عەرەبی قووت نادرێن.

ئەیاد عەللاوی، سەرۆکی مینبەری عێراقی لە ڕاگەیێنراوێکدا ڕایگەیاند: چەند هەفتەیەک لەمەوبەر هەواڵەکان سەپاندنی ئەجێندا‌کانی عەلی ئەکبەر ویلایەتی، ڕاوێژکاری ڕێبەری گشتیی ئێرانیان بۆ کاروباری دەرەوە بەسەر گەل و پەرلەمانی عێراقدا ئاشکراکرد کە پرسێکی نێوخۆییە و پەیوەندیی بە پێکهێنانی حکوومەتی عێراقەوە هەیە.

هەروەها سەرۆکی مینبەری عێراقی ئاماژەی بەوە کرد "خۆڕاگری عێراقییەکان، خۆپێشاندەرانی ئاشتیخواز و خوێنی شەهیدان ڕووبەڕووی ئەو ئەجێندایانە بوونەوە و لەباریان بردن و هەموو دەستوەردانێکی دەرەکیشیان ڕەتکردەوە".

ئەیاد عەللاوی باسی لەوەش کرد "هەندێک سەرکردەی سیاسیی عێراق لەپشت سەرکەوتنی ویستی عێراقییەکان بوون، لە سەرووبانەوە مەسعود بارزانی. هەروەها سوپاسی ئەو وڵاتانەش دەکەم کە پشتگیریی گەلی عێراقیان کرد، لە سەرووبانەوە شانشینی ئوردن، کوێت و ژمارەیەک وڵاتی دیکەی ئەورووپی، هەروەها ئەمەریکا کە سەرکۆنەی دەستدرێژییەکانی سەر گەلی عێراقی کرد و بەڵێنی سزادانی بکۆژانی دا. دەبێت ئەمڕۆ بەپێی یاسای عێراقی هەموان لە سزادانی ئەو بکوژانەدا بەشداری بکەین". هەروەها عەللاوی داوای لە ئێران کرد، لەسەر بنەمای دراوسێیی باش لەگەڵ عێراق و وڵاتانی عەرەبی هەڵسوکەوت بکات و لە قۆرخکاری دووربکەوێتەوە و بزانێت عێراق و وڵاتانی عەرەبی قووت نادرێن.



دوای گەڕانەوەی لە دەرەوەی وڵات

سەرۆکی حکوومەتی هەرێم پشکنینی ڤایرۆسی کۆرۆنای کرد

خەبات/ دوای ئەوەی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە بانگهێشتی فەرمیی شا عەبدوڵڵا سەردانی وڵاتی ئوردن کرد، دوێنێ دووشەمە گەڕایەوە هەرێمی کوردستان و لە دوای گەیشتنەوەیشی بۆ هەولێر، پشکنینی پلەی گەرمای تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنای بۆ کرا.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەمیانەی سەردانەکەیدا لەگەڵ شای ئەو وڵاتە، عەبدوڵڵا دووەم کۆبوونەوە و پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و وڵاتی ئوردن تاوتوێکرا، جەختیش لە پەرەپێدانی نێوان هەردوولا کرایەوە. چاودێرانی سیاسی و مامۆستایانی زانکۆش ئەو سەردانەی سەرۆکی حکوومەتیان بە گرنگ وەسف کرد.

لە چوارچێوەی ڕێکارەکانی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە فڕۆکەخانەکان و خاڵە سنوورەکان و هەروەها بازگەکانی نێوان هەرێم و شارەکانی عێراق چەندین تیم و ئامێری تایبەت بە پشکنینی ڤایرۆسی کۆرۆنای داناوە و پشکنێن بۆ هەموو ئەوانە دەکرێت کە دەیانەوێت بێنە هەرێمی کوردستان.

گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە

دوێنێ دووشەمە، 2020/3/2 گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە و تێیدا ڕایگەیاند، بە هەوڵی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پارەی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان خراوەتە سەر هەژماری حکوومەتی هەرێمی کوردستان. ئەمەش دەقی ڕوونکردنەوەکەیە:
بەداخەوە لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوو بەهۆی چەند هۆکارێک، ناردنی موچەی فەرمانبەرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە لایەن بەغداوە دواکەوتبوو.
بە هەوڵی ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پارەکە خرایە سەر هەژماری حکوومەتی هەرێم لە بانکی ناوەندی عێراق و هەر ئەمڕۆ دەست بە دابەشکردنی دەکرێت.

جوتیار عادل
گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

د.مەحمود عوسمان: عەللاوی باجی لەخۆبایبوونەکەی دا



سیاسەتمەدارێکی کورد پێی وایە عەللاوی بەهۆی لەخۆبایبوونەکەی و ڕەچاونەکردنی مافەکانی کورد، لە پێکهێنانی حکوومەت شکستی هێنا.

د.مەحمود عوسمان، پەرلەمانتاری پێشوو وسیاسەتمەداری کورد بە خەباتی ڕاگەیاند، بەپێی دەستوور، دەبێ سەرۆک کۆماری عێراق کەسێکی دیکە بۆ پێکهێنانی حکوومەت ڕابسپێرێت.

مەحمود عوسمان لەبارەی هۆکاری شکستهێنانی محەمەد عەللاوی لە پێکهێنانی کابینەکەی، ڕایگەیاند، عەللاوی داواکاریەکانی کورد و سوننەی لەبەرچاو نەگرت، کە بۆ عەللاوی هەیبوو، کە هەموویان خۆیان لە پاراستنی مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان، دەبینەوە.

بڕیاربوو ڕۆژی یەکشەممە، پەرلەمانی عێراق کۆ ببێتەوە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی کۆمار و دوای ئەوە بڕیاربوو سەرۆک وەزیران ڕاسپێردراو لە ماوەی 15 ڕۆژدا کەسێکی دیکە ڕابسپێرێ بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی عێراق.

«کابرایەکی لەخۆبایی بوو، لە سەرەتاوە دیار بوو سەرکەتوو نابێت». بڕیاربوو ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو، پەرلەمانی عێراق کۆببێتەوە و دەنگ بە کابینەکەی عەللاوی بدات، بەڵام بەهۆی پەراوێزخستنی کورد و سوننە، فراکسیۆنە کوردستانییەکان و هاوپەیمانیی هێزە عێراقییەکان بەشداریی کۆبوونەوەکەیان نەکرد و شکستی هێنا.

بەپێی دەستووری عێراق، دەبوایە سەرۆک وەزیرانی ڕاسپێردراو لە ماوەی30 ڕۆژدا کابینەکەی پێک بهێنێت و بیخاتە بەردەم پەرلەمان، بەڵام عەللاوی نەیتوانی کابینەکەی پێک بهێنێت و درەنگانی شەوی یەکشەممە 2020/3/1 شکستهێنانی خۆی ڕاگەیاند.

مەیادە نەجارِ بۆ «خەبات»: کورد هەمان ئەو مەرجانەی بۆ عەللاوی هەیبوو بۆ کاندیدی داهاتووشی دەبێت



پەرلەمانتارێکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق باسی مەرجەکانی کورد بۆ کاندیدی داهاتووی پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق دەکات. مەیادە نەجار، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق بە خەباتی ڕاگەیاند، دوای سەرنەکەوتنی محەمەد عەلاوی لە پێکهێنانی کابینەکەی، بەپێی دەستوور دەبێ سەرکۆمار لە ماوەی 15 ڕۆژدا کەسێکی دیکە ڕابسپێرێ بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی عێراق.

مەیادە نەجار هەروەها ڕایگەیاند، تا ئێستا ناوی هیچ کەسێک بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێی عێراق باس نەکراوە. لە بارەی مەرجی کورد بۆ سەرۆک وەزیرانی ڕاسپێردراوی نوێ، ئەو پەرلەمانتارە ڕایگەیاند، کورد هەمان ئەو مەرجانەی هەیە، کە بۆ عەللاوی هەیبوو، کە هەموویان خۆیان لە پاراستنی مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان، دەبینەوە.

بڕیاربوو ڕۆژی یەکشەممە، پەرلەمانی عێراق کۆ ببێتەوە و دەنگ بە کابینەکەی عەللاوی بدات، بەڵام بەهۆی پەراوێزخستنی کورد و سوننە، فراکسیۆنە کوردستانییەکان و هاوپەیمانیی هێزە عێراقییەکان بەشداریی کۆبوونەوەکەیان نەکرد و شکستی هێنا.

بەپێی دەستووری عێراق، دەبوایە سەرۆک وەزیرانی ڕاسپێردراو لە ماوەی30 ڕۆژدا کابینەکەی پێک بهێنێت و بیخاتە بەردەم پەرلەمان، بەڵام عەللاوی نەیتوانی کابینەکەی پێک بهێنێت و درەنگانی شەوی یەکشەممە 2020/3/1 شکستهێنانی خۆی ڕاگەیاند.

عادل عەبدولمەهدی: پێشنیاز دەکەم 4ی دیسێمبەری 2020 هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجام بدرێت



دوێنێ دووشەمە عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی دەست لەکارکێشاوەی عێراق لە پەیامێکدا بۆ سەرۆکی پەرلەمان و سەرکۆماری عێراق، داوای کرد ڕۆژی 4ی کانوونی یەکەمی ئەمساڵ هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجام بدرێت.

عەبدولمەهدی لە پەیامەکەیدا خەمباری خۆی دەربڕیوە لە فەرمیی ناوخۆیی و دەرەکییش ئەنجام نادات.

سەرۆک وەزیرانی دەست لەکارکێشاوە، لە پەیامەکەیدا داوای لە پەرلەمانی عێراق کردووە کۆبوونەوەیەکی نائاسایی ئەنجام بدات بۆ یەکلاییکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنەکان و کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان، ئینجا ڕۆژی 4ی مانگی کانوونی یەکەمی ئەمساڵ وەکو ڕۆژی هەڵبژاردنی پێشوەختە دیاری بکەن، هەروەها 60 ڕۆژ بەر لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکەش، پەرلەمانی عێراق هەڵبوەشێننەوە.

عەبدولمەهدی داواشی کردووە سندوقێکی تر لە تەنیشت سندوقی هەڵبژاردنی پەرلەمان دابندرێ، تیایدا ڕاپرسی بۆ ئەنجامدانی هەموارکردنی کە وەکو سەرۆک وەزیرانی دەست لەکارکێشاوە، "مۆڵەتی خۆویستانە" وەردەگرێت، تا کاتی هەڵبژاردنی پێشوەختە، بەشداری هیچ بۆنەیەکی فەرمی ناکات، هیچ نووسراوێک ئیمزا ناکات، وەلامی هیچ داوەتێکی فەرمی بۆ سەردانیکردنی وڵاتان ناداتەوە و دیدار و گفتوگۆ و کۆبوونەوەی بەرانبەر شکستی محەمەد تۆفیق عەللاوی سەرۆک وەزیرانی ڕاسپێردراو، کە نەیتوانی کابینەیەکی حکوومەت لە وادەی خۆیدا پێکبێنێت، لەمبارەیەوە داوای کردووە لەبری هەوڵی پێکهێنانی حکوومەتێکی نوێ، دەست بە ئامادەکاری بکرێت بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە.

هەروەها دووپاتی کردووەتەوە دەستووری هەمیشەیی عێراق بکرێ. لە کۆتاییشدا داوای کردووە پەرلەمان بڕیار بدات کە یەکێک لە جێگرانی سەرۆک وەزیرانی عێراق یان یەکێک لە وەزیرەکان ڕاسپێرێت بۆ بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق و کاربەڕێکردنی ڕۆژانەی وڵات.

دەبێ حکوومەتی داهاتووی عێراق ڕێز لە کیانی یاسایی هەرێمی کوردستان بگرێت

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان: پەیوەندییەکی پتەومان لەگەڵ ئوردن هەیە

ڕێکاری پێویست گیراونەتەبەر و خۆپاراستن باشترین ڕێکارە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەتای کۆرۆنا



مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە میانی لێدوانێکی ڕۆژنامەوانی لە عەمانی پایتەختی ئوردن رایگەیاند، پەیوەندییەکی پتەومان لەگەڵ ئوردن هەیە و پێمان وایە دەتوانین هاوبەشی باش بین بۆ پێشخستنی کەرتی ئابووری و بازرگانی و لە شەڕی دژی داعش ئوردن وڵاتێک بووە هاوکاری کردووین و ئەم سەردانەش بۆ سوپاسکردنی ئوردن و پێشخستنی پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانمان بووە.

لە بارەی دواکەوتنی مووچەشەوە، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، پێویستە ڕێز لە کیانی یاسایی هەرێمی کوردستان بگیرێت و پێویستە حکوومەتی داهاتووش ڕێز لەو قەوارەیە بگرێت. گوتیشی: لەگەڵ وەزیری دارایی عێراق قسەمان کردووە و دیارە بەڕێوەبەرێکی گشتی نەیوستووە واژوو لەسەر بڕیاری وەزیر بکات و پێی وابووە دەتوانێت ناردنی مووچە بۆ هەرێمی کوردستان ڕابگرێت و ئەو پرسە چارەسەر کراوە و مووچەکە دێت. هیوادارم ئەو مووچانە بە زووترین کات بگات بۆ ئەوەی حکوومەت دەست بەدابەشکردنی مووچە بکات.

سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان لەبارەی پێکهێنانی حکوومەتی نوێی عێراق گوتی: ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە کوردستان قەوارەیەکی دەستووریی هەیە و بەشێکی حکوومەتێکی فیدراڵییە و ئەم قەوارە دەستوورییە دەبێ ڕێزی لێ بگیرێت، بۆ پێکهێنانی حکوومەتیش یەکێک لەو بابەتانەی کە ئێمە بەردەوام جەختمان لێکردووەتەوە ئەوەیە کە حکوومەتی داهاتووی عێراق دەبێ ڕێز لەو قەوارەیە سیاسییە بگرێت، ئەمە بنەمایە بۆ بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا.

مەسرور بارزانی لەبارەی داخستنی دەروازە سنوورییەکانەوە ڕایگەیاند: داخستنی دەروازە سنوورییەکان بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکان و بە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی کاریگەری ڤایرۆسی کۆرۆنا بووە. گوتیشی: دەنگۆی ئەوە هەبوو کە حکوومەتی تورکیا دەروازەی ئیبراهیم خەلیلی داخستووە، لەدوای پەیوەندی کردن، ئەوان ئامادەییان دەربڕیوە کە ڕێکخستنی جوڵەی بازرگانیی لەو دەروازەیە بکرێت. مەسرور بارزانی ڕاشیگەیاند، بەردەوام دەبین لەوەی کە بتوانین لە ڕێگەی دەروازەی ئیبراهیم خەلیلەوە هێڵی بازرگانی کراوە بێت، بەڵام بەشێوەیەکی ڕێکخراو کە لەژێر کۆنترۆڵدا بێت و مەترسی تەندروستی لێنەکەوێتەوە.

سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی لە بارەی پەتای کۆرۆناشەوە گوتی: واقیعی نییە ئێمە چاوەڕێ نەبین ئەو ڤایرۆسە ناگاتە هەرێمی کوردستان. ڕێکاری پێویست گیراونەتە بەر و خۆپاراستن باشترین ڕێکارە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە. مەسرور بارزانی داوایشی کرد هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان خۆیان بپارێزن و پابەندی ڕێنماییەکانی وەزارەتە پەیوەندارەکان بن.

عەلا مەکی: هەموو پێکهاتەکان بەشداری نەکەن حکوومەت سەرکەوتوو نابێت



دوای ئەوەی سەرۆکوەزیرانی ڕاسپێردراو محەمەد عەللاوی نەیتوانی متمانە بۆ حکوومەتەکەی بە دەست بێنێت و لەو پۆستە کشایەوە، سەرکردەیەکی سوننەکان دەڵێ، ئەگەر هەموو پێکهاتەکان بەشداری حکوومەتەکانی ڕابردوو و، دوور بێ لە دەستێوەردانی حیزبی و هەموو پێکهاتەکان لە خۆی بگرێت، هەروەها هیچ پێکهاتەیەک پشتگوێ نەخات و، بڕیار لە بەرژەوەندیی گشتی دەربکات بۆ نەهێشتنی گەندەڵیی ئیداری، نەک پشتگوێخستنی پێکهاتەکان.

ئەو سیاسەتمەدارە ئەوەشی گوتووە: گەر حکوومەتێک دروست بکرێت پێکهاتەکان پشتگوێ بخات، ئەو حکوومەتە سەرکەوتوو نابێت، بۆیە ئەگەر هەموو حکوومەت سەرکەوتوو بێت، دەبێ هەموو پێکهاتەکان بەشداری بکەن.

سەرکەوتوو بێت، دەبێ هەموو پێکهاتەکان بەشداری بکەن. د. عەلا مەکی، سیاسەتمەدار و سەرکردەی سوننەکان، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: پێویستە حکوومەتی نوێی عێراق حکوومەتێک بێت، جیاواز لە ڕۆژی یەکشەممە 2020/3/1 یەکەم دانیشتنی خولی بەهارە لە ساڵی دووەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن بەڕێوەچوو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانیش لە پەرلەمانی کوردستان ئاشکرای دەکات، لەم خولەدا فراکسیۆنەکانی بەشدار لە حکوومەت ژووریێکی هاوبەش بۆ هەماهەنگیی زیاتر و پێشکەشکردنی پرۆژەیاساکان پێکدێنن.

لەمبارەیەوە ئومێد خۆشناو بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: لە ماوەی ڕابردوودا سەرۆکایەتیی پەرلەمان و فراکسیۆنەکانی بەشدار لە حکوومەت کۆبوونەوە و ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی لەم وەرزەی یاسادانانەدا پرۆژەی هاوبەش پێشکەش بکەین و ژووریێکی هاوبەشیش پێکبهێنین. خۆشناو ئەوەیشی خستەڕوو: سەرۆکایەتیی لیژنەی یاسایی و هەر فراکسیۆنێکی بەشدار لە حکوومەت دوو ئەندام دەستنیشان دەکەن لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتیی لیژنەی یاسایی بەیەکەوە لەو ژووره هاوبەشە دەبن و زەمینەسازی دەکەن، بۆ ئەم مەبەستەش پێشبینی دەکەین لەم هەفتەیەدا دەستبەکار بن.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان ڕاشیگەیاند: ئامانجمان لە ڕێککەوتن بۆ دروستکردنی ژووریێکی هاوبەش، بۆ ئەوەیە هەماهەنگی هەبێت لە نێوان خۆمان و حکوومەت، هەروەها هەماهەنگیی نێوان خۆمان وەکو فراکسیۆن باشتر و قوڵتر بکەینەوە و پرۆژەکان لە چوارچێوەی ئەولەویەتی کارەکان ڕێکبخەین و پاشان بەیەکەوە گفتوگۆیان لەسەر بکەین و دواتر لە لیژنەکان پشتیوانییان لێ بکەین، ئەم کارەشمان دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی باشتر پرۆژەکان جێگای خۆیان بگرن و پشتیوانیی زیاتری پەرلەمانی بەدەست بێنن، هەروەها بەدەوڵەمەنتر و چاکتریش بن.

ناوبراو دەشڵێت: تا ئێستا یەک کۆبوونەوە بۆ ئەم مەبەستە کراوە، لەم ڕۆژانەدا کۆبوونەوەی تریش دەکرێت، حکوومەتیش وەڵامی زارەکیی داوەتەوە کە چەند پرۆژەیەکیان ئامادەیە و بە فەرمی لەم چەند ڕۆژەی داهاتوودا تەواویان دەکەن و ڕەوانەی پەرلەمان دەکرێن.

ئومێد خۆشناو: سەرۆکایەتیی پەرلەمان و فراکسیۆنەکان ڕێککەوتوون لەسەر پێکهێنانی ژووریێکی هاوبەش



دەبێ هەڵی ئاشتی بۆ گەلانی ناوچەکە بڕەخسێنین و ئێمەش هاوکاریان بین

زەڵمای خەلیلزاد بۆ «خەبات»: تاڵیبان دەستبەرداری ڕێکخراوی قاعیدە دەبێت و دەبێتە بەشێک لە پرۆسەی سیاسی ئەفغانستان



خەبات/ مەریوان نەقشبەندی:

زەڵمای خەلیلزاد باڵیۆزی پێشووی ئەمەریکا لە ئەفغانستان و کەسایەتی سیاسیی ناسراوی جیهان کە نوێنەری حکوومەتی ئەمەریکا بوو بۆ گفتوگۆی دانوساندن لەگەڵ بزوتنەوەی تاڵیبانی ئەفغانستان، لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات باسی مەرجەکانی گفتوگۆکانی لەگەڵ سەرکردایەتی تاڵیبان دەکات لە وڵاتی قەتەر و تەئکید دەکاتەوە کەوا بزووتنەوەی تاڵیبان بەڵێنی داوە بە دووركەوتنەوە و دابڕانی یەکجاری لەڕێکخراوی قاعیدە و گروپە ئیسلامییە توندڕۆکان و دەبێتەوە بەشێک لەپرۆسەی سیاسیی ئەفغانستان.

زەڵمای خەلیلزاد لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات ئەو دەنگۆیانەشی ڕەتکردەوە کە باس لەوە دەکەن ئەمەریکا بەیەکجاری پشت لە حکوومەتی ئەفغانستان دەکات و گوتی: دانوستانی ئێمە لەگەڵ بزوتنەوەی تاڵیبان هیچ ئاماژەیەکی بۆ دابڕانی نێوان ئەفغانستان و ئەمەریکا نییە، بەڵکو ڕێککەوتووین لەسەر کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ئەفغانستان لە بەرامبەر وازهێنانی یەکجارەکی ئەو بزوتنەوەیە لەڕێکخراوی تیرۆرستی قاعدە و کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لە ئەفغانستان لە نێوان حکوومەتی کابول و بزوتنەوەی تاڵیبان بۆ ئەوەی پێکەوە وڵاتەکەیان بەڕێوەببەن و تاڵیبان بەشێک لەپرۆسەی سیاسی.

زەڵمای خەلیلزاد هەروەها گوتی: گفتوگۆکانمان لەگەڵ بزوتنەوەی تاڵیبان بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ بووە کە تەنکیدی لەسەر زەرووڕەتی کۆتاییهێنان بە هەندێ جەنگی کۆتایی نەهاتوو کە ئەمەریکا تێیدا لایەنێکی ڕاستەوخۆ بووە و بە سەدان ملیار دۆلار و سەدان سەرباز و هاوواڵتی ئەمەریکی تێیدا بوونەتە قوربانی و دەبێ هەڵی ئاشتی بۆ گەلانی ناوچەکە بڕەخسێنین و ئێمەش هاوکاریان بین.

گوتیشی: کشانەوەی هێزەکانمان لەئەفغانستان بەبەرنامە دەبێت و چاودێری بارودۆخەکەش دەکەین بزانین تاچەند بزووتنەوەی تاڵیبان پابەندی ڕێککەوتنەکەمان دەبێت. سوپاسی وڵاتی قەتەریشی کرد کە ماوەیەکی زۆرە پێشوازی و میواندارى ئەم گفتوگۆیانە دەکات



شاخەوان برایم عەبدوڵڵا

محەمەد عەڵلاویش ئیرادەی هەوڵێری تاقیکردەوە

لە دوو وتاری پێشوومدا لە ماوەی ڕاسپاردنی محەمەد عەڵلاوی بۆ پێکهێنانی حکوومەتی عێراق کە لە ڕۆژنامەی "خەبات" بڵاوبوونەوە، لە یەکێکیاندا پێشبینی ئەوەم کرد، محەمەد عەڵلاوی ناتوانێت حکوومەتەکەی دروستبکات و لەوەی دووەمیشدا دەستەواژەی (گرێمان)م بۆ توانستی ئەو پیاوە بەکارهێنا، هەمدیسان لە پرسی پێکهێنانی حکوومەتدا، واتە لە دووەمیشدا گومانم لێی هەبوو ئەو پیاوە بتوانێ وەک کارەکتەرێکی سیاسی کابینەکەی دروستبکات! ڕێک بە فەشەلێکی گەورەوە، مێژوویەکی ناشیرینی بۆ خۆی تۆمار کرد، هەر هیچ نەبێت، لای کورد وەک دژە کورد ناوی چووە مێژووەوە. ئاخر پێش ئەوەی دەسەڵات بگرێتە دەست، چەقۆی خستە سەر ملی کورد، بەڵام نەیتوانی ئامانجەکەی بپێکێت، ئەگەرچی تازە لای کورد، وەک ئەوە وایە خوێن لە ملی کورد هاتبێت، ئاخر ئەو پیاوە هەوڵی خۆی دا، بەڵام سەرکردایەتییەکی بەهێزی کوردستانی لە هەوڵێرەوە ڕووبەڕووی بۆیەوە و فەشەلی بە هەوڵە دوژمنکارییەکانی هێنا.

ڕاستە عەڵلاوی پیاوێکی لاواز بوو، چانس وای کرد وێنە خوێنساردەکانی سۆشیاڵمیدیا و ماڵپەڕ و شاشەکان بتەننەوە، بە تایبەتی باری دەروونی هاووڵاتییانی کوردی تێکدا بەوەی خەڵکێک چاوەڕێی ڕۆژگارێکی خراپیان لە سەردەمی ئەودا دەکرد، وێڕای ئەوە زەنگێک بوو بۆ کورد لێدرا، بەوەی هێشتا عەقڵییەتێکی ڕاسیست لە بەغدا بە جیدی کار بۆ سڕینەوەی پێگەی هەرێمی کوردستان دەکات و هەموو ڕێگەیەکیش تاقی دەکاتەوە، ڕاستییەکەی محەمەد عەڵلاوی بەشێکی بچووکی خۆی بوو، بەشە گەورەکەی ئەو عەقڵییەتە ڕاسیستی و فاشیلەی عێراقییە مەزهەبییەکان بوو بەردەوام بۆ کورد لە بۆسەدان و هەرچی تاکتیک و تاقیکردنەوە هەن، پەنای بۆ دەبەن بۆ خستنی هەوڵێر، لە نموونەی هێرشی عەبادی بۆ سەر هەرێمی کوردستان کە لە سحێلا و پردی هاوکێشەکە گۆڕا و سنووری بۆ داندرا.

محەمەد عەڵلاوی وێڕای ئەوەی دەموچاوێکی ناشیرین بوو، بەخێرایی هات و بەخێراییش سڕایەوە، بەڵام ڕەهەندی باشیشی هەبوو، بەوەی ئەو پیاوە پێێگوتین کورد پێویستە یەکگرتوو بێت لە پرسی لەمجۆرەی هەوڵدانەکەی بۆ سڕینەوەی پێگەی هەرێمی کوردستان لە پەنای گەمەی بێلایەنی و حکوومەتی تەکنۆکرات لە عێراقێکدا کە بە ژیانی نابێتە وڵاتی مۆدێرن و دیموکراسی و سەرۆکێکی بێلایەنیش بەخۆیەوە نابینێت.

عەڵلاوی دەبوو زۆر باش ئەو پەیامەی سەرۆک بارزانی بخاتە بەردەم فۆکەس و جوانیش لێی ورد ببووایەتەوە کاتێک وەک هۆشداریەک و لەوپەڕی هەڵوێستی توندی هەرێمی کوردستانەوە، گوتی: ئەگەر عەڵلاوی بەبێ بەشداری کورد و سوننە کابینەکەی پێکهێنا، پیرۆزی بێت! ئەوە بەهێزترین هەڵوێستی سەرۆک بارزانی بوو کە دەبوو عەڵلاوی دوای ئەو هەڵوێستە، نەختێک ڕێزی لە خۆی و ئەو کابینەیەی بگرتایە کە دەیویست دروستی بکات، ئاخر سەرۆک بارزانی بەوە ناسراوە، لەسەر هەموو شتێک قسە ناکات، بەڵام کە قسەی کرد، قسەی جیدی دەکات. ئەو پیاوەش واتە محەمەد عەڵلاوی ئەگەر یەک تۆز سەردەری لە سیاسەت و شارەزای ئەزموون و هەژمونی سەرۆک بارزانی بووایە، بەم جۆرە ڕەفتاری لەگەڵ هەولێردا نەدەکرد کە سەرئەنجام بەهۆی ئەو ناتێگەیشتنەی خۆیەوە، سەری خۆی و کابینەکەشی خوارد و هەموو ئەوانەشی نائومێد کرد کە دەیانویست لەپڕێکدا بڕن بە وەزیر و کاربەدەست لە حکوومەتەکەیدا، بەڵام ئیرادەیەکی سیاسی بە تایبەتی لە هەرێمی کوردستانەوە کە لە کۆبوونەوەکانی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ لایەنەکاندا جەخت لەسەر پاراستنی پێگەی هەرێم دەکرایەوە بە تایبەتی سووربوونی هەرێمی کوردستانی ڕادەگەیاند لەوەی پێویستە ڕێز لە پێگەی هەرێمی کوردستان بگیرێت، بەڵێ، ئەوە و یەکگوتاری کورد بوو، توانی لۆبی دروستبکات و سوننەکانیش وا لێ بکات، هەڵوێستییان هەبێت، ئەو ئیرادەیە هەر زوو فەشەلی بە هەوڵی دروستکردنی کابینەکەی عەڵلاوی هێنا، بەو ڕادەیەی ئێستا بووەتە وانەیەک بۆ ئەوانەی وەک ئەو پیاوە بیر دەکەنەوە.

محەمەد عەڵلاوی وێڕای ئەوەی خۆی دەیزانی دەستێک هەیە هانی دەدات بۆ ئەوەی دووبارە پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا لەسەر دەستی ئەودا تێک بچێتەوە، کەچی سووربوو لەسەر هەڵوێستە ڕاسیستییەکانی بە جۆرێک تا هەیمەنەی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا بچووک بکاتەوە، بە تایبەتی لەو خاڵەدا دەیویست بێ گەرانەوە بۆ قەوارەی یاسایی و دەستووری هەرێمی کوردستان، وەزیرەکان دیاری بکات، ئاخر ئەو زۆرباش دەیزانی وەزیرێک ئەگەر لەلایەن سەرۆکایەتیی هەرێم و حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە دیاری نەکرێت، ناتوانێت نوێنەرایەتیی هەرێم بکات، دروستتر هەر نوێنەری خەڵکی کوردستانیش نابێت، کەچی ئەو پیاوە سووربوو لەسەر ئەو گەمە نەزۆک و ترسناکەی کە دواجار سەری کابینە ڕانەگەیەندراوەکەی خوارد.

هەڤاڵی بارزانیی نەمر بۆ یەکێتی سۆڤیەتی جاران (سدیق خەلیل کانیەتایی) کۆچی دوایی کرد



خەبات: دەڤەری بارزان- سەفەر ژلاوکی

دوای ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی هەڤاڵی بارزانیی نەمر بۆ یەکێتی سۆڤیەتی جاران "سدیق خەلیل کانیەتایی" لە نەخۆشخانەی پیرمام کۆچی دوایی کرد، بە ئامادەبوونی بەرپرسانی حزبی و حکومی و لەشکری و کەسوکار و هاوسەنگەر و جەماوەری دەڤەری بارزان تەرمی خوالێخۆشبوو لە گۆرستانی موسێ مەغرێبی سەربەدەڤەری بارزان بە خاک سپێردرا.

خوالێخۆشبوو پێشمەرگەی ماندوونەناسی گەلەکەمان "سدیق خەلیل کانیەتایی" لە ساڵی 1927 لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر و شۆڕشگێڕ لە گوندی کانیەتایی سەر بەدەڤەری بارزان لە دایکبووە، لە تەمەنی 5 ساڵی دابووە، لەگەڵ کەسوکاری ئاوارەی تورکیا دەبێت، یەکێک بووە لە بەشداربووەکانی شۆڕشی دووەمی بارزان 1943-1945 و بەشداریشی کردووە لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد و یەکێکیش بووە لە هەڤاڵەکانی بارزانیی نەمر بۆ یەکێتی سۆڤیەتی جاران و بەشداری ڕێڕەوە مێژوویەکەی بۆ سۆڤیەتی جاران کردووە، باوکی قارەمانی شەهید "خەلیل یەحیا کانیەتایی" کە شۆڕشگێڕی ناوداری بارزانییەکان بووە، بەرگری کردن لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد بریندار دەبێت لە ناو زیندانی مووسڵ کە بە بریندارى بەندکرابوو لە ساڵی 1948 شەهید دەبێت.

خوالێخۆشبوو سەدیق کانیەتایی بەشداری لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوولیش کردووە و ڕۆڵی لە چەند داستان هەبووە لە شەڕی خواکورک 1961 بریندار دەبێت. دوای نسکۆی شۆڕش ئاوارەی ئێران دەبێت، لە شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتنخوازیشدا درێژەی بە ئەرکی پێشمەرگایەتی داوە، دوای ڕاپەڕین دەگەڕێتەوە کوردستان و لە پیرمام نیشتەجێ دەبێت، کەسایەتیەکی کۆمەڵایەتی و مرید و دەروێشی ڕێبازی بارزانیی نەمر بووە، لە بەر خەبات و ماندووبوونی لە کۆنگرەی 13ی پارتی لە لایەن جەنابی سەرۆک بارزانی میدالیای بارزانیی نەمری پێ بەخشراوە، ماوەی چەندین ساڵ لەبەر خەبات و ماندووبوونی پێشمەرگایەتی تووشی نەخۆشی ببوو لە تەمەنی 92 ساڵی کۆچی دوایی کرد.

راگەیاند: ڕۆژ لەدوای ڕۆژ جموجۆڵ و چالاکییەکانی چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە زیادبووندایە، بەو هۆیەوەش هاووڵاتیان لە بارێکی سەختی دەروونیدا دەژین، چونکە هێزە عێراقییەکان توانای پاراستنی هاووڵاتیانیان نییە و دۆخی ئەمنیی ناوچەکەش بەتەواوی تێکچووە.



دیاری حوسێن بۆ «خەبات»: دۆخی ئەمنیی ناوچە کوردستانییەکان تەواو شێواوە و کورد زەرەرمەندی یەکەمە

بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێ دۆخی ئەمنی ناوچە کوردستانییەکان بەتەواوی شێواوە و چەکدارانی داعش بازرگانی بە کوردانی دانیشتووی ئەو ناوچانەوە دەکەن و هێزە عێراقییەکانیش توانای پاراستنی خەڵکەکەیان نییە.

دیاری حوسێن جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کەرکووک - گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند: ئەوەی ئێستا ڕوودەدات لە ناوچە کوردستانییەکان بەرپرسیارێتی هێزە عێراقییەکان دەکەوێتە ئەستۆ،



مامۆستایانی زانکۆ سەردانی سەرۆکی حکوومەت بۆ ئوردن بەرز دەنرخێنن

هۆشمەند رەفیق: دەکرێ بۆ بەرژەوەندی ئابووریی کوردستان و ئوردن، سوود لە پەیوەندیی نێوان هەردوولا وەربگیرێت

رۆژگار شێخانی: پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئوردن میژوویی و ستراتیژیین



رۆژگار شێخانی



هۆشمەند رەفیق

خەبات: تریفە ئازاد

رۆژگار شێخانی مامۆستای زانکۆ لەبارەی سەردانەکەی رێزدار مەسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەت بۆ رۆژنامەی خەبات، گوتی: ئەم سەردانە گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ هەرێمی کوردستان و ئوردن و بێگومان پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتی ئوردن پەیوەندییەکی میژوویی و ستراتیژییە، ئەم پەیوەندییە بۆ سەردەمی هەردوو سەرکردە جەنابی بارزانیی نەمر و شا حوسێن کۆڕی تەلال دەگەڕێتەوە، ئینجا لەسەردەستی جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی و شا عەبدوڵڵا کۆڕی حوسێن درێژەی پێدرا، کە تا بە ئەمڕۆش دەگات ئەم پەیوەندییە بەردەوامیی هەیە، هەروەک بینمان رێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان لەکاتی سەردانەکەیدا رایگەیاند کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتی ئوردن پەیوەندییەکی ستراتیژی قوواڵە.

شێخانی گوتیشی: بۆیە دەکرێ بڵێین ئەو سەردانە مانا و گرنگی خۆی هەیە، بەوپێیەی وڵاتی ئوردن چ لەسەر ئاستی ناوچەکە، یاخود لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پێگەی تایبەت بەخۆی هەیە، لە لایەکی تریشەوە وڵاتی ئوردن لە شەڕی دژ بە داعشیشدا هاوکارێکی باشی هەرێمی کوردستان و هاوپەیمانان بووە بۆ لەناوبردنی داعش و گەیاندنی هاوکاری، لە دوای ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان، ئوردن یەکەم وڵات بوو پێشوازی لەسەرۆک بارزانی کرد، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەهێزیی پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و ئوردن، جگە لە هەماهەنگی و هاوبەشیکردن لە بوارەکانی گەشەپێدانی ئابووری و تەندروستی ,بۆیە دەکرێت بە گرینگیەوە لەم سەردانە بڕوانین و بۆ ئەوەی لە داهاتوودا زیاتر پەرە بە پەیوەندییەکانمان بدەین.

هەر سەبارەت بە سەردانەکەی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئوردن، هۆشمەند رەفیق مامۆستای زانکۆ و شارەزا لە کاروباری ئابووری بۆ رۆژنامەی خەبات، گوتی: پەیوەندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەر وڵاتێک بە حوکمی ئەوەی هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق، لەگەڵ هەر وڵاتێک پەیوەندییەکان بەهێز بێت لە ڕوانگەی ئابووریشەوە پەیوەندییەکان بەهێز دەبێت، ڕەنگدانەوەی دەبێت لەپشت هەر پەیوەندییەکی سیاسی، ئامانجێکی ئابووری لەپشتەوەیە، چونکە هیچ وڵاتێک پەیوەندی نابەستێت لەگەڵ هیچ وڵاتێکی تردا ئەگەر ئامانجێکی ئابووری نەبێت، ئوردنیش، وەک وڵاتانی جیهان بە هەمان شێوە، ئێمەش هەرێمێکین پێویستمان بەوەیە لەگەڵ ئەو وڵاتانە پەیوەندییمان بەهێز بێت بەتایبەتی ئەگەر بێت و سەیر بکەین لە ڕووی دەرمانەوە هەرێمی کوردستان جگە لەوەی کە لە ناوخۆ بەرهەم دەهێنرێت و ئەوەشی لە عێراقە ئەوەی تر لە دەرەوەیە ، بەڵام بەشێکی زۆریش لە وڵاتی ئوردنەوە بۆ هەرێمی کوردستان دێت، لە هەمان کاتیشدا ئەو سەردانەی رێزدار مەسرور بارزانی دوای سەردانەکەی میونشن دێت، چونکە کە لەوێ کۆمەڵێک دیداری گرنگی ئەنجامدا و ئەو سەردانەش گرنگ بوو و دەبینم گۆڕانکاری گەورە بەڕێوەیە لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵات، هەرچەندە هەرێمی کوردستان و ئوردن پەیوەندییەکی میژوویییان هەیە و دەکرێ ئەم پەیوەندییانە بەهێز بکرێتەوە بۆ بەرژەوەندیی ئابووریی هەرێمی کوردستان و ئوردن سوودیان لێ وەربگیرێت.

نەتەوە یەکگرتووەکان: تورکیا بەرپرسە لە تاوانی گرووپە تیرۆریستییەکانی سووریا



دوێنێ دووشەممە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاند کە حکوومەتی ئەنکەرا بەرپرسیارە لەو تاوانەی گرووپە تیرۆریستییەکانی سووریا ئەنجامی دەدەن، چونکە لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکیاوە ڕاهێندراون و چەکدار کراون. هانی مەجالی ئەندامی لیژنەی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ لە نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاند پێویستە تورکیا بەرپرسیاریەتی تاوانەکانی گرووپە تیرۆریستییەکانی سەر بە ئەنکەرە لە ئەستۆ بگرێت، چونکە ئەوانە لەلایەن حکوومەتی تورکیاوە ڕاهێندراون و چەکیان پێدراوە.

مەجالی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا دووپاتی کردەوە کە بە لایەنی کەمەوە دەبێ تورکیا بەشی خۆی بەرپرسیاریەتی لە پێشێلکارییەکانی ئەو گرووپە چەکدارانە لە ئەستۆ بگرێ، کە لە سووریا دەرهەق بە هاوواڵتیان ئەنجامی دەدەن.

ئەم لێدوانە لە کاتێکدایە کە تورکیا چەند ساڵێکە گرووپە چەکدارییە تیرۆریستییەکانی سووریا بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکاردێنێ، لە دواهەمین هەنگاوی ئەنکەراشدا، سەدان بەڵاو کردووەتەوە و لەوێدا ڕەخنەی لە ئاکەپە و ڕەجەب تەیب ئەردۆغان گرتووە، هەروەها پرووپاگەندەی بۆ پەکەکە کردووە، بۆیە سزای بەسەردا سەپێندراوە.

عەزیز لەبەردەم دادوەر گوتوویەتی: من ڕۆژنامەنووسم، ئەو ڕەخنانەی گرتوومن وەکوو ڕۆژنامەنووسێک گرتوومە و ڕای خۆم گوتووە، بۆیە ئەوەی نووسیوومە تاوان نییە و داوای ئازادبوون دەکەم.

بەهۆی ئەوەی چوار ساڵ لەمەوبەر لە تویتەر ڕەخنەی لە ئەکەپەو ئەردۆغان گرتبوو

تورکیا سزای زیاتر لە دوو ساڵ زیندانیکردن بەسەر ڕۆژنامەنووسێکی کورددا دەسەپێنێت

ڕۆژنامەنووسێکی کورد لە باکووری کوردستان بە تۆمەتی ئەوەی پروپاگندەی بۆ پەکەکە کردووە، لەلایەن دادگای تاوانە قوورسەکانی ئامەدەوە سزای دوو ساڵ و یەک مانگ زیندانی بەسەردا سەپێندراوە. ئاژانسەکانی هەواڵی تورکیا بڵاویان کردەوە، "عەزیز ئۆروچ" ڕۆژنامەنووسی کوردی خەڵکی پاریزگای "ئاگری" لە باکووری کوردستان، بەهۆی ئەوەی لە 2016 لە پێگەی خۆی لە تویتەر چەند پۆستێکی بڵاو کردووەتەوە، بۆیە دادگای قورسەکانی 19ی تاوانە ئامەد، سزای دوو ساڵ و یەک مانگ زیندانی بەسەر ئۆروچدا سەپاندووە.

عەزیز ئۆروچ لە مانگی 12ی 2019 لەلایەن پۆلیسی شاری ئاگریەوە دەستگیر کرا، ئەمڕۆش دادگای ئامەد بڕیاری دا سزای بەسەردا بسەپێنێت.

مالپەڕی T24ی تورکی بڵاوی کردووتەوە، بە تۆمەتی ئەوەی عەزیز لە2016 نزیکەی 12 پۆستی لە تویتەر بڵاو کردووەتەوە و لەوێدا ڕەخنەی لە ئاکەپە و ڕەجەب تەیب ئەردۆغان گرتووە، هەروەها پرووپاگەندەی بۆ پەکەکە کردووە، بۆیە سزای بەسەردا سەپێندراوە.

عەزیز لەبەردەم دادوەر گوتوویەتی: من ڕۆژنامەنووسم، ئەو ڕەخنانەی گرتوومن وەکوو ڕۆژنامەنووسێک گرتوومە و ڕای خۆم گوتووە، بۆیە ئەوەی نووسیوومە تاوان نییە و داوای ئازادبوون دەکەم.

عێراق.. دەستپێکردنی دوو ئۆپەراسیۆن دژبە داعش

وەزارەتی بەرگریی عێراق و حەشدی شەعبی ڕایانگەیاند کە هێزەکانیان دوو ئۆپەراسیۆنیان بە ئامانجی ڕاوەدوونانی چەکدارانی داعش لە سنووری پارێزگاکانی نەینەوا، ئەنبار و سەلاحەددین دەستپێکردووە. لەوبارەوە شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی سەربە وەزارەتی بەرگریی ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە تیایدا ئەوە هاتووە "ئۆپەراسیۆنی (شمشێری تیژ) دەستپێکراوە بە ئامانجی ڕاوەدوونانی چەکدارانی داعش و وەدەرنانیان بۆ دەرەوەی سنوور و پاکسازیکردنی دوورگەکانی نەینەوا و سەلاحەددین کە چەکداران تیایاندا خۆیان حەشاردراوە". لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەش خراوەتەڕوو کە هێزە هاوبەشەکان لە فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی نەینەوا و سەلاحەددین، فەوجی فریاکەوتن، هێزی سوات لەگەڵ حەشدی شەعبی و حەشدی هۆزەکان لە ئۆپەراسیۆنەکەدا بەشداری دەکەن. ئاماژە بەوەیشکراوە کە لە ئۆپەراسیۆنەکەدا، پاڵپشتی ئاسمانی لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی سوپا و هێزی ئاسمانییەوە دابینکراوە. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، ئەم ئۆپەراسیۆنە گەورەترین و فراوانترین ئۆپەراسیۆنە کە بە ئامانجی ڕاوەدوونانی چەکدارانی داعش، ئەنجام درابێت.

لەلایەکی دیکەوە دەستەی حەشدی شەعبی لە ڕایگەیەندراێکدا بڵاویکردەوە کە بەیانی ئەمڕۆ دووشەممە فەرمانەیی ئۆپەراسیۆنەکانی سەربە حەشدی شەعبی ئۆپەراسیۆنێکی لەژێر ناوی (عەلی هادی) دەستپێکردووە بە ئامانجی پاکسازیکردنی دوورگەی گەورە لەنێوان پارێزگاکانی نەینەوا، سەلاحەددین و ئەنبار لە پاشماوەکانی داعش. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەیشکراوە کە لیواکانی 15، 25 و 44 لەگەڵ فەوجی هێز تایبەتییەکانی سەربە حەشدی شەعبی، هەروەها هێزەکانی سوپا لە ئۆپەراسیۆنەکەدا بەشداری دەکەن.

ژمارەی ئەو کەسانەی لە ئێران بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە بۆ 66 کەس بەرزبووەتەوە

بەرپرسێکی باڵای ئێران: کۆرۆنا جەنگێکی بایۆلۆژییە و ئەمەریکا بەکاریدەهێنێت

جێگری وەزیری تەندروستی ئێران، عەلی ڕەزا ڕەئیسی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا ئەوەی خستەڕوو کە 12 کەسی دیکە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە و لە دوێنێشەوە تا ئێستا،523 حاڵەتی نوێی تووشبوون تۆمارکراون. بەمشێوەیە ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی کۆرۆناوە لەو وڵاتە گیانیان لەدەستداوە، گەیشتە66 کەس و ژمارەی حاڵەتە تۆمارکراوەکانیش گەیشتووەتە هەزار و 501 حاڵەت.

عەلی ڕەزا ڕەئیسی ئەوەشی ئاشکرا کرد کە حەوت هەزار و 280 کەس بەگومانی تووشبوون بە ڤایرۆسەکە سەردانی نەخۆشخانەکانیان کردووە و چوار هەزار و312 یان پشکنینیان بۆ کراوە. ناوبراو باسی لەوەشکرد کە زۆرترین حاڵەتی تووشبوون لە پارێزگاکانی تاران، مەرکەزی، قوم و گیلان تۆمارکراون و تا ئێستاش 291 تووشبووی کۆرۆنا چاکبوونەتەوە و نێردراونەتەوە ماڵەوە.

لەچوارچێوەی ئەو ڕێوشوێنانەی لە پارێزگای تاران گیراونەتەبەر چەند تیمێکی تایبەت لە مەیدانی ئازادی و شەقامی ئیقبالاب بەردەوامن لە ڕشتنی سپرای دژە مەیکرۆب. بەرپرسانی پارێزگاکەش داوا لە هاووڵاتیان دەکەن کە هۆکارەکانی گواستنەوەی گشتی بەکارنەهێنن. لەلایەکی دیکەشەوە ئەمیر عەبدوللاهیان، ڕاوێژکاری سەرۆکی ئەنجومەنی شورای ئیرانی (پەرلەمان) بۆ کاروباری نێودەوڵەتی ڕایدەگەیەنێت، بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ، "جەنگێکیی بایۆلۆژییە" و ئەمەریکا بەرامبەر بە ڕکابەر و دژەکانی بەکاریدەهێنێت، بەتایبەتیش ڕووسیا و چین.

کەس لەو چەکدارە تیرۆریستانەی سووریای ناردووەتە لیبیا و لەوێ شەڕێکی نوێیان پێدەکات.

جێی باسە گرووپە تیرۆریستییەکانی سووریای سەر بە ئەنکەرا، کە بە زۆری خۆیان لەناو ڕێکخراوی تیرۆریستیی بەناو "سوپای سووریای ئازاد"دا دەبینەوە، لە چەند ساڵی ڕابردوودا سەدان تاوانی کوشتن و تاڵانکاری و پێشێلکاریی تریان دەرهەق هاووڵاتیانی سووریا و ڕۆژئاوای کوردستان ئەنجام داوە.

بەرپرسێکی ئێران بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانی لەدەستدا

محەمەد میرمحەمەدی تەمەن 72 ساڵ، ئەندامی ئەنجوومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی ئێران، بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانی لەدەستدا. ئاژانسی فەرمی هەواڵیی ئێران بڵاویکردەوە، میرموحەمەدی کە بەهۆی تووشبوونی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە نەخۆشخانەی مەسیح دانشڤەری لە تاران چارەسەری وەردەگرت، گیانی لەدەستدا. میرموحەمەدنی لە خولی شەش و حەوتەمی پەرلەمانداری پەرلەمانتاری بازنەی قوم بووە لە ساڵی 2018دا بووەتە ئەندامی ئەنجوومەنی بەرژەوەندییەکانی ئێران. بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان لە وەزارەتی تەندروستی ئێران، کیانوش جیهانپور دوێنێ ئاماژەی بەوە کرد کە 11 کەسی دیکە بەهۆی جۆری نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە و 385 حاڵەتی نوێی تووشبوون بە ڤایرۆسەکە تۆمارکراوە.



دهۆک.. ئەندەرپاسێک لە شەقامی بارزان بەڕووی هاتوچۆی هاوواڵتیان کرایەوە



دهۆک رایگەیاند: یەکێک لە ئەندەرپاسەکانی نزیک فەرماندەیی دهۆک دوێنێ دووشەمە تەواو بوو و بەڕووی هاتوچۆی هاوواڵتیان کرایەوە.

بە تەواوبوونی تەواوی قۆناغەکانی شەقامەکەش قەرەبالّغییەکی زۆر لە شاری دهۆک کەم دەبێتەوە و ئاسانکارییەکی زۆر بۆ هاتوچۆی هاوواڵتیان و شوفێران دەکات.

وێڕای ئەوەی پرۆژەی شەقامی بارزان و ئەندەرپاسەکان پرۆژەیەکی هاتوچۆی شارەکەن، هاوکات بووەتە هۆی دابینکردنی هەلی کار بۆ ژمارەیەکی زۆری هاوواڵتیان و بە تەواوبوونی کۆی بەشەکانی شەقام و ئەندەرپاسەکانیش رووێکی جوانتر بە شاری دهۆک دەبەخشێت.

وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی کارنامەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بایەخێکی زۆر بە دروستکردنی شەقام و پرد و ڕێگەی نێوان شارەوانییەکان دەدات لە سەرتاسەری شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان.

شەقامی بارزان لە دهۆک، یەکێکە لە پرۆژە ستراتیژییەکانی شاری دهۆک، ڕۆژی 17/10/2019 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە گوژمەی 73 ملیار دینار بەردی بناغەی پرۆژەکەی دانا کە وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار ساسان عەونی ئامادەی مەراسیمی ڕاگەیاندنی پرۆژەکە بوو و ئێستاش کارکردن تێیدا بەردەوامە و چەندین ئەندەرپاسی تێدایە.

سەرۆکایەتیی شارەوانیی دهۆک ڕایگەیاند: ئەم پرۆژەیە بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیای ئەندازیاری ئیعمار بۆ بینای گشتی بەڕێوەچووە و لە ماوەی 18 مانگدا تەواو کراوە.

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی 15 قاچاخچی دەستگیر کرد



بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی لە ڕاگەیەندراوێکدا ڕایگەیاند: هێزەکانمان توانیان 15 قاچاخچی دەستگیر بکەن کە لەبەرانبەر بڕێک پارە خەڵکیان لە ئێرانەوە هێناوەتە هەرێمی کوردستان و هەروەها خەڵکیان گواستووەتەوە بۆ دەرەوەی هەرێم.

ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: سەرجەم قاچاخچییەکان کوردن و دانیشتووی هەرێمی کوردستانن.

ئاماژەی بەوەش کردووە قاچاخچییەکان بەشێک لەو هاوواڵتیانەی کە لە ئێران بوون بەڕێگای قاچاخ هێناویانناوە بۆ کوردستان تاوەکو کەرەنتین نەکرێن و نەخرێنە ژێر چاودێری پزیشکییەوە بۆ ئەم مەبەستەش بڕێک پارەیان لە هاوواڵتییەکان وەرگرتووە.

ئاسایشی سلێمانی ڕاشیگەیاندووە: تۆمەتباران (ا.ع.ع)، (ب.ڕ.س)، (ا.ج.ڕ)، (م.ش.ع)، (ت.ح.ڕ)، (ل.ڕ.ک)، (ڕ.ص.ح)، (ه.م.م)، (ی.ع.ق)، (ج.ع .ڕ)، (غ.ڕ.ح)، (پ.ع.ا)، (د.ع.س)، (خ.ا.ا)، (پ.خ.ا). کەپیشەی هەندێکیان شۆفێرە و هەندێکیان کاسبن، تەمەنیان لە نێوان (17. 54) ساڵ دایەو سەرجەمیان کوردن و دانیشتوی هەرێمی کوردستانن بەتۆمەتی ئەوەی لەسنورەکاندا بەرامبەر بەبڕێک پارە قاچاخچێتی بەمرۆڤەوە دەکەن بەهێنان و بردنیان بۆ ناو هەرێم و دەرەوەی هەرێمی کوردستان، بەئۆتۆمبێل و شێوازی نایاسایی، سەرجەم تۆمەتباران دانیان بەتاوانەکەیاندا ناوە و ڕووبەڕووی یاساکرانەوە.

بەڕێوەبەرایەتی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دێموکراتی کوردستان بە ئامادەبوونی ئاریان سەلاحەدین کارگێڕی لقی دوو، پێشوازی لە عەمید حەماد فازڵ هادی فەرماندەی پاسەوانی سنوور کرد. لەو دیدارەدا ئەحمەد کانی ستایشی کار و ئەرکەکانی پاسەوانی سنووری کرد و بە هێزێکی کاریگەری پشتیوانی بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەسفی کردن،تەواوی پاڵپشتی و پشتیوانی لقی دووی پارتی دێموکراتی کوردستانیشی بۆ دووپات کردنەوە. لە بەرامبەردا، عەمید حەماد فازڵ فەرماندەی پاسەوانی سنوور وێڕای ئەوەی سوپاسی بەرپرسی لقی دووی پارتی دێموکراتی کورد بۆ پشتیوانیان لە هێزەکانی پاسەوانی سنوور،لۆگۆیەکی سوپاس و سومبوڵی ڕێزلێنانیان پێشکەش بە ئەحمەد کانی کرد.



وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی پێشوازی لە وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان دەکات



د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی پێشوازی کرد لە ئایدن مەعروف وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان. لەدیدارێکدا، وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەخێرهاتنی بەڕێزیانی کردو هیوای سەرکەوتنی بۆخواست دواتر وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان ئامانجی سەردانەکەی خستەڕوو هیوای خواست لە چواچێوەی کاروبارەکان پەرە بە پەیوندیەکانی نێوانیان بدەن بەئامانجی خزمەت کردنی پێکهاتەکانی کوردستان ئەنجامدانی پرۆژەی هاوبەش، لەبەرامبەردا وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئایینی جەختی لە بەردانی کاری پێکەویی و هەماهەنگی کردەوە ڕایگەیاند: پتەوترکردنی پەیوندیەکان سەرکەوتنی زێتر پرۆسەی خزمەتکردنە بەهەموو پێکهاتەکانی کوردستان کە یەکێکە لەئامانجە سەرەکییەکانمان بۆ ئەمەش وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ئامادەیی هەموو هاوکاری و گرێدانی پەیوندیەکە.

هەولێر.. وەزارەتی شارەوانی پرۆسەی چاندنی هەزاران گوڵ و شەتڵی دار دەستپێکرد



بەڕێوەبەرایەتیی ئەندازەی پارکەکانی سەر بە سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر ڕایگەیاند کە تیمەکانیان ئامادەکاری دەکەن بۆ ڕازاندنەوەی شاری هەولێر بە هەزاران جۆری گوڵ و شەتڵی دار لە شوێنە جیاوازەکانی پایتەختدا. وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزاری هەرێمی کوردستان بڵاوی کردەوە کە ئەمڕۆ یەکشەمە 1ی ئاداری 2020 وەکو قۆناغی یەکەمی جێبەجێکردنی پرۆسەکەش، تیمی بەڕێوەبەرایەتیی ئەندازەیی پارکەکانی هەولێر پرۆسەی ڕازاندنەوەی شاری هەولێری لە یەکێک لە گەڕەکەکاندا بە چاندنی شەتڵەدار دەستپێکرد. ڕاشیدەگەیەنن دارەکانیش لە جۆرەکانی دەدۆنیا، سنۆبەر، فرشت بتڵن و پرۆسەکە بەردەوام دەبێت.

جوولّەی بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە بەردەوامە



شەماڵ نووری، ئەندامی سەندیکای ئابووریناسانی کوردستان گوتی: هەرێمی کوردستان کۆمەڵێک دەروازەی سنووریی هەیە و لە دەروازەکانی باشووری عێراقیشەوە کەلوپەل هاوردەی هەرێم دەکرێت، لەبەر ئەوە هیچ مەترسییەک لەسەر هەرێمی کوردستان نییە، ئەگەر بێت و تورکیاش دەروازەکانی بە ڕووی هەرێمی کوردستاندا دابخات. نووری جەختی کردەوە: حکوومەتی تورکیا خۆی بیر لە گرتنی دەروازەی ئیبراهیم خەلیل ناکاتەوە، چونکە قەبارەی بازرگانیی نێوان هەرێم دوو ئەوەندەیە لەگەڵ تورکیا، کە لەگەڵ ئێران هەیەتی، لەوانەیە هەندێ ڕێکار بۆ خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا بگیرێنە بەر، بەڵام ناگاتە ئاستی ئەوەی گرانی ڕووبدات. لای خۆشییەوە بەڕێوەبەری گشتیی گومرکی هەرێم، ڕایگەیاند: دەروازە سنووریییەکان وەک هەنگاوی خۆپارێزی ڕێک خراونەتەوە و، جوولّەی بازرگانیش لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە بەردەوامی هەیە.

لە بڕیارێکدا کەنیسەی کلدانی سەرجەم بۆنە و ڕێوڕەسمەکانی تایبەت بە کلدانییەکانی ڕاگرت

دوای ئەوەی شەوی ڕابردوو چوار حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان بڵاوکرایەوە کە سەرجەمیان لە دوای سەردانی ئێران تووشی ڤایرۆسەکە ببون، لە بڕیارێکدا کەنیسەی کلدانی سەرجەم بۆنە و ڕێوڕەسمەکانی تایبەت بە کلدانییەکانی ڕاگرت.

کاردینال باتریاک مار لویس روفائیل ساکو سەرۆکی کەنیسەی کلدانی لە جیهان ڕایگەیاند: بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا وەک ڕێکارێکی بەرەنگاربوونەوە، فەرمانی دەرکردووە بەوەی نوێژی جەماعی یەکشەمە و ژنهێنان و تازەی ڕابگیرێت. هاوکات چەندین ڕێنمایی بۆ خۆپاراستن لە تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنای بڵاوکردەوە.

هێڵی گەرم بۆ پەیوەندیکردنی خێرا

هاوکات وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هێڵی گەرمی پەیوەندیکردنی 24 کاتژمێری بۆ هاوواڵتیان ڕادەگەیەنێت، لەکاتی هەستکردن بە هەر حاڵەتێکی گوماناوی بەتایبەتی گەشتیارانی گەڕاوە لە دەرەوەی وڵات هاوواڵتیان دەتوانن لە ڕێگەی ئەم ژمارانەوە لە سەرجەم هەرێمی کوردستاندا پەیوندی بکەن.

دیوانی وەزارەتی تەندروستی
07508169991
07714448100
هەولێر
07503987429
سلێمانی
07718204444
07718205555
دهۆک
07514025338
07514342938
هەڵەبجە
07501365007
07731915151
0538852656
گەرمیان
07480207442
ڕاپەڕین
07705694040
07501613933
کۆیە
07501202218
07701414633

سوپاس و پێزانین

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بەبۆنەی کۆچی دوایی باوکم دکتۆر عەبدولحەمید ئاکرەیی و بەناوی بنەماڵەکەمان سوپاسی بێ ئاراستەی بەڕێزان جەنابی سەرۆک بارزانی و سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندامانی پەرلەمان و بەرپرسانی حزبی و حکومی و سەربازیی وهاوواڵتیان و هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە بەشداریان لەپرسەی ئێمەدا کرد. خودای گەورە جەزای خێری هەموو لایەک بداتەوەو کوردستان بپارێزێ.

إنا لله و إنا إليه راجعون

لەجیاتی بنەماڵەکەمان
ئەلەند عەبدولحەمید ئاکرەیی

هەولێر.. تا رۆژی 21ی ئادار پرسەدانان راگیرا

پارێزگاری هەولێر: ئەم بڕیارە لەبەر بەرژەوەندی گشتیی و تەندروستی هاووڵاتییانە و سەرجەم ئایینەکان دەگرێتەوە

سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی:

بڕیاردرا بە راگرتنی پرسە لە ماڵ و لە مزگەوتەکان، تەنیا رێوڕەسمی سەر گۆڕستان ئەنجام دەدرێت



خەبات: هەولێر

بە مەبەستی ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، پارێزگاری هەولێر و لیژنەی فەتوای یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی و وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە و دوای کۆبوونەوەکەش لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا، قەدەغەکردنی پرسەدانانیان تا ڕۆژی 21ی ئادار ڕاگرت.

پارێزگاری هەولێر، فرسەت سۆفی گوتی: دوای کۆبوونەوە لەگەڵ لیژنەی فەتوا لە یەکێتی زانایان، ئالوگۆڕی بیر و ڕا و لەچوارچێوەی دەقە ئایینییەکان، بڕیارماندا تا ڕۆژی 21ی ئادار، هەموو پرسەیەک لەهەر شوێنێک لە سنووری پارێزگاری هەولێر قەدەغە بکرێت و ئەم بڕیارەش سەرجەم ئایینەکان دەگرێتەوە، ئەگەریش پێویستی کرد ماوەکە درێژ دەکەینەوە.

فرسەت سۆفی گوتیشی: هەر 10 قایمقامیەتی سنووری پارێزگاری هەولێر ڕادەسپێردرێن کە ئەم بڕیارە لە ئەمڕۆیەوە جێبەجێ دەکرێت و ئەمەش لەبەر بەرژەوەندی گشتیی و تەندروستی هاووڵاتییانە.

سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی، نیاز دێگەڵەیی گوتی: لەبەر بەرژەوەندی گشتی ئەم بڕیارەماندا، ئەوەی لە بابەتی پرسە و ناشتنی کەسێک لە بابەتی ئایینی شتێکە و ئەوەی پێویستە بکرێت بریتییە لە کفن و نوێژکردن و ناشتنی مردووەکە و ئامادەبوون لە کاتی ناشتن، هەموو ئەوانە بەشێوەیەکی ئاسایی بەڕێوەدەچێت، خەڵک چەندە کۆ دەبێتەوە ئەوە لارمان نییە، بەڵام ئەوەی جێگای مەترسییە گردبوونەوەی ناو مزگەوت و ناو ماڵەکانە، لەم ڕوانگەیەوە بڕیاردرا بە ڕاگرتنی پرسە لە ماڵەکان و لە مزگەوتەکان و تەنها ڕێورەسمی سەر گۆڕستان ئەنجام دەدرێت.

هەر لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانییەکەدا، بەڕێوەبەری گشتی تەندروستیی هەولێر، دلۆڤان محەمەد فاتیح گوتی: لە سنووری پارێزگای هەولێر 12 شوێن هەیە بۆ کەرەنتین تاکو ئێستاش گشت پرۆسەکە بەشێوەیەکی ڕێک بەڕێوەدەچێت و ئەو کەسانەی لە دەرەوە گەڕاونەتەوە و تا ئێستا ژمارەیان هەزار و 95 کەسە و ئەوانەی لە یەکەم ڕۆژەوە کەرەنتینن، ڕۆژی پێنجشەممە کەرەنتینیان تەواو دەبێت و دوای پشکنین دەتوانن بگەڕێنەوە ناو خێزانی خۆیان.

بەڕێوەبەری گشتی تەندروستیی هەولێر:

ئەوانەی لە یەکەم ڕۆژەوە کەرەنتینین، ڕۆژی پێنجشەممە کەرەنتینیان تەواو دەبێت و دوای پشکنین دەتوانن بگەڕێنەوە ناو خێزانی خۆیان

کۆتایی ئەمساڵ قۆناغی یەکەمی شەقامی 150 مەتری تەواو دەبێت

سەرۆکی شارەوانی هەولێر بۆ «خەبات»:

لەئێستادا بە وردی دیراسەی خانووە زێدەڕۆیەکان دەکەین و دواتر تاپۆ دەکرێن

خەبات/عەلی بانیشاری

عەبدولواحید ئەحمەد، سەرۆکی شارەوانی هەولێر لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ(خەبات) دەڵێت: بۆ وەرگرتنی پارەی زبڵ و خاشاک لە ماڵان خەریکی کۆکرنەوەی زانیارین. سەبارەت بە تاپۆکردنی خانووە زێدەڕۆکانیش دەڵێت: 6شارەوانی خەریکی دیراسەکردنی ئەو بابەتە و لەگەڵ گەیشتی تەواوی داتاکان و ڕێنماییەکانی پەیوەست تاپۆکردنی خانووەکان ئێمەش بەزووترین کات کاری خۆمان ئەنجامدەدەین. لەبارەی زەوییەکانی 8ی حەسارۆکیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات هەرکات ئاو و کارەبا و ئاوەڕۆ بۆ ناوچەیە دابینکرا شارەوانیش بە کاری خۆی هەڵدەستێت.



عەبدولواحید ئەحمەد: لەم قۆناغەدا تەنها خەریکی کۆکردنەوەی زانیارین، پاش ئەم قۆناغە بڕیار لەسەر وەرگرتنی پارەی زبڵ و خاشاک دەدەین

لەگەڵ بابەتی زێدەڕۆیی زەوی و خانوو دەکەین. عەبدولواحید ئەحمەد دەشڵێت: هەر کات 6 بەڕێوەبەرایەتییەکە تەواو زانیارییەکان کۆکردەوە و ڕاپۆرتی خۆیان بۆ ئێمە نووسی تا بزانین چەند خانووی زێدەڕۆمان هەیە بەتایبەت گوندەکانی داخڵی سنووری بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی و حەسارۆک وە هەروەها ڕێنماییەکان بەتەواوی گەیشتە دەستمان ئەو کات ئێمە کاری خۆمان بە تەواوی ئەنجام دەدەین.

ناوبراو زیاتر گوتی: شارەوانییەکان بە تەواوی کاری خۆیان دەکەن و بەردەوامیشن لە کۆکردنەوەی زانیارییەکان. عەبدولواحید ئەحمەد ئەوەشی گوت: ئەگەر تەواو زانیاری شارەوانییەکان و ڕێنماییەکان بگاتە دەستیان لە ماوەی 3 مانگدا کاری تاپۆکردنی خانووە زێدەڕۆکان دەستپێدەکات

کەرتی 8ی حەسارۆک

سەبارەت بە زەوییەکانی 8ی حەسارۆک کە زیاتر لە 16 هەزار پارچە زەوییە؟ عەبدولواحید ئەحمەد دەڵێت: 8ی حەسارۆک لە ژێر دیراسەدایە. دەشڵێت: پێش ئەوەی شارەوانی بە کارەکانی خۆی هەڵبسێت، دەبێت کارەبا و ئاو و ئاوەڕۆ بۆ 8ی حەسارۆک دابین بکرێت، پاشان ئەرکی شارەوانی دەستپێدەکات. سەرۆکی شارەوانی هەولێر ئاماژە بۆ ئەوەشدەکات کێشەی زەوییەکان لەئێستادا پەیوەستە بەو سێ لایەنەوە، شارەوانی مەعنی نییە بەو بابەتە تا ئەوان بە کاری خۆیان هەڵنەستن.

پارەی زبڵ و خاشاک

سەبارەت بە وەرگرتنی پارەی زبڵ و خاشاک لەم ساڵدا لە هاووڵاتیانی شاری هەولێر؟ عەبدولواحید ئەحمەد دەڵێن: نرخی کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاک لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشتر دیاریکراوە، لە قۆناغی یەکەمدا پارەکە لە شوێنە بازرگانییەکان و شەقامە سەرەکییەکان وەرگیرا. دەشڵێت: قۆناغی دووەم کە گەڕەکەکانە هێشتا دەستی پێنەکردووە، دەبێت زانیاری تەواو بۆ ئەو مەبەستە کۆ بکرێتەوە.

لەبارەی ئەو کۆمپانیایەی کە بە کارەکە هەڵدەستێت؟ ناوبراو گوتی: سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر کۆکردنەوەی داهاتی زبڵ و خاشاک و تابلۆکان گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیای (میدیا تێک) کردووە، گرێبەستی کۆمپانیاکە تا مانگی 6ی ئەمسالە. زیاتر لەو بارەیەوە گوتی: تا گرێبەستی کۆمپانیاکە تەواو دەبێت ئێمە سەرجەم زانیارییەکان کۆدەکەینەوە، لەم قۆناغەدا تەنها خەریکی زانیاری کۆکردنەوەین، پاش ئەم قۆناغە بڕیار لەسەر وەرگرتنی پارەی زبڵ و خاشاک دەدەین.



شەقامی 150 مەتری

سەبارەت بە کارکردن لە شەقامی 150ی مەتری؟ عەبدولواحید ئەحمەد دەڵێت: کۆمپانیای هێمن گروپ بەبەردەوامی لە شەقامەکەدا بەو شەو و ڕۆژ کار دەکات تا بەزووترین کات تەواوی بکات، کەش و هەوا هەندێک کات کارکردنی بۆ ماوەیەکی کەم ڕاگرتووە. دەشڵێت: لیژنەکانیش بۆ چاودێری پرۆژەکە بەکارەکانی خۆیان هەڵدەستن. قۆناغی یەکەمی شەقامی 150 مەتری 7 کیلۆمەتر و نیووە و بڕیارە تا کۆتایی 2020 تەواو ببێت.

تاپۆکردنی خانووە زێدەڕۆکان

سەبارەت بە تاپۆکردنی خانووە زێدەڕۆکان و ئەو یاسایەی لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە؟ سەرۆکی شارەوانی هەولێر گوتی: لیژنەکانمان و شەش بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی خەریکی دیراسەکردنی ئەو بابەتەن، قۆناغی یەکەمدا نەمان هێشتووە ئەو زەویانەی زێدەڕۆن و کەوتوونەتە سنووری شارەوانی هەولێر لەگەڵ گوندەکانی داخڵی سنووری بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی کە سەر بە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێرن خانوویان لەسەر دروست بکرێت و ئەوەمان وەستاندووە، چونکە دەیانویست پەلەی تێدا بکەن و بیکەنە خانوو تا ڕێنماییەکان بیانگرێتەوە.

گوتیشی: بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەت ئێمە هەڵسوکەوت لەگەڵ هاووڵاتیان دەکەین و ئەگەر خانوویەک لە سەر ڕێگا بێت یان لە شوێنێکدا بێت کە ببێتە هۆی کێشەی هاتوچۆ ئەوا ناچار دەبین بیڕوخێنین.

www.xebat.net
ژمارە (5945) 2020/3/3 سێ شەممە



رشاندنی بەروبوومی کشتوکاڵی بە فڕۆکەی درووون بۆ پاراستنی گیانی جوتیار و پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ

شارەزایانی سیستەمی زانیاری لە کەمبۆدیا داهێنانێکی سەرکەوتوویان ئەنجام دا سەبارەت بە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان (درووون)، کە تایبەتە بۆ بەکارهێنان لە بواری کشتوکاڵدا و هۆکارە بۆ ئەنجامدانی کارە کشتوکاڵییەکان بە شێوەیەکی خێرا و چوست و پوختتر لە شێوازی تەقلیدی، بەڵام ئایا ئەو فڕۆکانە چۆن بەکار دێت و نرخی یەک فڕۆکە چەندە؟

(هینگ سۆفینگ) جوتیار نییە، بەڵام لە بواری سیستەمی زانیاری لە کارگەیەکی رستن و چنین لە کەمبۆدیا کار دەکات، لە هەمانکاتدا شارەزایێکی باشی هەیە لە بواری پێداویستییەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی، هاوڵێکی زۆری دا تا گەیشتە شێوازێک کە کەداری رشاندنی کێڵگە فراوانەکان ئاسانتر بێت.

(سۆفیک)ی تەمەنی 38ساڵ سەرکەوت لە دانان دیزاینی فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوان کە تایبەتە بە رشاندنی کیمیایی بۆ کێڵگە کشتوکاڵییەکان بە قڕکەری پێویست بە ئاسانترین ڕێگا، سەرەڕای پاراستنی تەندروستی جوتیاران بەهۆی بەرنەکەوتنییان بە قڕکەری کیمیایی.

لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی DWی ئەڵمانی، (سۆفیک) ئاشکرایکرد کرداری گرنگی دان بە بەروبوومە کشتوکاڵییەکان قۆرسترین قۆناخە تەنانەت لە قۆناخی چاندن قۆرسترە، زۆر لە جوتیاران بە سستی ئەو کرداڕە ئەنجام دەدەن لە ترسیی بە ژەهراویبوونداڵ. فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان (درووون) رشاندنەکە ئاسانتر و خێراتر دەکات و بە باشی کرداڕەکە ئەنجام دەدات بۆ قڕکەرەکانی میتروکۆژ بە بەراورد بە ئەنجامدانی ئەو کرداڕە بە شێوەی تەقلیدی و کۆن. نزیکەی 20لە سەدای قڕکەری بەکارهاتوو کەم دەکاتەوە و رشاندنی هێکتارێک زەوی (4 دۆنم) تەنها بە 7 خولەک ئەنجام دەدرێت بە گوێرەی قسەکانی (سۆفیک) خاوەنی بیرۆکەکە.

تاکو ئێستا (سۆفیک) بیرۆکەکەی بە شێوەیەکی بازرگانی نەخستۆتە بازاڕەکان، بۆ دروستکردنی فڕۆکەیەک پێویستی بە یەک حەفتە هەیە بەهۆی کەمی کەلوپەل و پێداویستی دروستکردنی ئەم فڕکەیە لە وڵاتی کەمبۆدیا. بە قسەی خاوەن پڕۆژەکە تێچووی دروستکردنی فڕۆکەیەکی لەم جۆرە کە بشێت بۆ رشاندنی کێڵگە کشتوکاڵییەکان نزیکەی 5000 تاکو 20 هەزار یۆرۆی تێدەچێت، بەڵام گشت جوتیارێک پێویست ناکات فڕۆکەیەکی لەم جۆرەی هەبێت بەڵکو بە هەماهەنگی لە نێوان کۆمەڵە جوتیارێک دەکرێت یەک فڕۆکە بکڕن.

بڕی پەینی ئۆرگانی پێویستە بۆ داری میوەجات

سەرەڕای بەکار هێنانی پەینی کیمیایی بۆ پەینکردنی داری میوە زۆر جار خاوەن باخەکان پەینی ئۆرگانی (پاشماوەی ڕووەکی و ئاژەڵی و پیشەسازی دوای شیبوونەوە و تێپەڕبوون بە قۆناخی ترشاندن) بۆ پەینکردنی داری میوە بەکار دەهێنن. جێبەجێکردنی ئەو پڕۆسەیە پێویستە بە شێوەی بازنەیی بێت لە دەوری درەختەکە و پەینەکە لە قوڵایی 50 - 60 سم لە ژێر خاکدا دادەندرێت بە مەرجێک دوورییێت لە قەدی دار و ڕەگەکان و پاشان بە خۆڵ سەرپۆش دەکرێت. ئەگەر داڕەکان لەسەر مەرز چاندرابوون ئەوە پەینەکە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک لە نێوان داڕەکاندا پەرتدەکرێت پاشان بە ئامێری (ڕۆدیقیتەر) تێکەڵ بە خاک دەکرێت ئەو کرداڕە لە ناوەڕاستی مانکی کانوونی یەکەمدا دەست پێدەکات. پێویستە لەم کرداڕەدا پەینێکی کۆنی شیبووەوە و ترشاو بەکار بێت بۆ ئەوەی لەو کاتانەی پەینەکە کرداری شیبوونەوە و ترشاندن ئەنجام دەدات کاریگەری خراپی لەسەر ڕەگی درەختە میوەجاتەکە نەبێت. پەینی ئۆرگانی لە ساڵی دووەمدا لە تەمەنی دار بەکار هێنانی شیاوە. تەنها یەک کیلۆگرام پەین بۆ داڕێکی تەمەن دووساڵی بەکار دێت. دوو کیلۆگرام پەین بۆ داڕێکی تەمەن چوار ساڵە بەکار دێت، بەڵام ئەگەر داڕەکانمان تەمەنیان لە نێوان 5تاکو 10 ساڵ بوو ئەو بۆ هەر داڕێک 5 کگم پەینی ئۆرگانی بەکار دەهێنین، لە کاتێکدا کە داڕەکانمان تەمەنیان لە نێوان 12 تاکو 20 ساڵ بوو ئەوە هەر داڕێک پێویستی بە 7کگم پەین دەبێت. بە شێوەیەکی گشتی پەینی ئۆرگانی هەر دوو ساڵ جارێک بەکار دێت.



4 کێشەی زەوی کلسی و چارەسەرکردنی

یەکەم. بۆ چارەسەرکردنی کێشەی یەکگرتنی خاک لە کاتی وشکبووندا بە تایبەتی چینی سەرەوەی خاک، پێویستە ڕێگا نەدرێت خاکەکە زیاتر وشکبێت لە ڕێگای کەمکردنەوەی نێوان ئاودانەکان و بەکارهێنانی پەینی ئۆرگانی و چاندنی ئەو بەروبوومانەی کە پاشماوەی زۆر لەدوای خۆی جێدەهێڵێت وەک بەروبوومی ئالیکی، باشترە لەگەڵ زەویەکە تێکەڵ بکرێت بە ئەنجامدانی کرداری کێڵان.

دووەم. بۆ چارەسەرکردنی کێشەی چەسپاندنی هەندێک توخمی کانزایی و بە قورسی مژینی لە لایان ڕووەکەوە بەهۆی کۆبوونەوەی بڕێکی زۆر لە ئایۆنەکانی کالیسیۆم لە خاکەدا، مادەی ئۆرگانی بەکاردێت بۆ کەمکردنەوەی پڕۆسەی چەسپاندنی فۆسفۆر و ڕێکخستنی کاتی زیادکردنی پەینە فۆسفاتییە گونجاوەکان لە قوواڵیی گونجاو و بە شێوازی گونجاو.

سێیەم. بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەمی توخمە دەگمەنەکان وەک ئاسن و چەسپاندنی لە نێو خاکدا، پەینی ئۆرگانی بەکارهاتوو ئاودانی یەک لە دوای یەک و لە ماوەی کورتدا و بە بەکارهێنانی بڕێکی زۆر ئاو بۆ ئەوەی ئاوی ئاودان بگاتە چینەکانی خوارەوەی زەوی و لێکجیابوونەوەی چینە ڕەقەکان ئاسان بکات، لە هەمانکاتدا کێڵانی قوواڵ لە ژێر خاک و لێدانی جۆگەی قووڵ لە کاتی چاندنی درەخت بۆ شکاندنی چینە ڕەقە بەهێزکان، هەروەها چاندنی زەوی بە وێنجە و ئاودانی زۆر هەر لە یەکەم ساڵدا هۆکارێکە بۆ لێکجیابوونەوەی پێکهاتەی خاک.



چەند سوودێکی بیبەری ڕەش بزانە

چی بەسەر جەستە دادێت ئەگەر ڕۆژانە بیبەری ڕەش بخۆین؟، لەگەڵ ئەوەی قسەی زۆر هەیە سەبارەت بە زیانەکانی خواردنی بیبەری ڕەش، بەڵام لێکۆڵینەوە پزیشکییەکان دەیسەلمێنن کە سوودی تەندروستی زۆری هەیە ئەگەر ڕۆژانە بخورێت ئەوەش بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ماڵپەڕی (Food eat safe).

لە ڕاپرتەکەدا هاتووە لە کاتی ئامادەکردنی خۆراک بەردەوام بیبەری ڕەش بەکار دێت کە تامێکی خۆش دەبەخشێت، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە سوودە تەندروستییەکانی بیبەری ڕەش بزانین کە ئەمانن:-

یەکەم. ڕێگریکردن لە توشبوون بە شێرپەنجە، بیبەری ڕەش ماددەیەکی تێدایە بە ناوی (بیبیرین) کە چەندین سوودی تەندروستی بۆ جەستەی مرۆڤ هەیە، لێکۆڵینەوەکان سەلماندویانە خواردنی بیبەری ڕەش دەرفەتی توشبوون بە نەخۆشیی شێرپەنجە کەم دەکاتەوە بەهۆی ئەم مادەوە، لە هەماکاتدا بیبەری ڕەش قیتامین Aو قیتامین Cو فلافۆنید و کارۆتینەکانی تێدایە، کە گشتیان دژە ئۆکسینی بەهێزن و بەرگری بە جەستە دەبەخشن دژی هۆکارەکانی نەخۆشیی شێرپەنجە.

دووەم. هانی کرداری هەرس دەدات، خواردنی بیبەری ڕەش ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە هاندانی گەدە بۆ دەردانی ترشەکانی گەدە بۆ هەرسکردنی پڕۆتینی خۆراک، لە هەمانکاتدا هانی ئەنزیمەکانی هەرسکردن لە پەنکریاس دەدات.

سێیەم. نیشانەکانی توشبوون بە کۆکە و نەخۆشییەکانی سەرما کەم دەکاتەوە، بیبەری ڕەش بە دژە مایکرۆب دادەندرێت بۆیە نیشانەکانی تایبەت بە نەخۆشییەکانی سەرما وەک ئەنفلەونزا و بژمین کەم دەکاتەوە. دەکرێت کەوچکێک لە هەنگوین سروشتی بڕێکی کەم لە بیبەری ڕەشی تێبکرێت و بخورێتەوە بۆ چارەسەرکردنی سەرمای سروشتی لە وەرزی زستاندا.

چوارەم. کەمکردنەوەی کێش، لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە لە کۆریای باشوور ئەنجام دراوە دەردەکەوێت کە ماددەی بیبیرین ڕێگا نادات خانەی نوێی چەوری لە جەستە دروست بێت و کار دەکات بۆ سوتاندنی چەوری جەستە، بۆیە ئەوانەی بیبەری ڕەش بە بڕێکی زۆر دەخۆن بە خێرایی کێشیان دادەبەزێت.

میوەی گریپ فروت لەگەڵ ئەم دەرمانە ناخوڕێت



کۆڤاری "ناتۆر ئارتێست"ی ئەڵمانی هۆشداری سەبارەت بە خواردنی میوەی گریپ فروت لەگەڵ حەبی دابەزاندنی پەستانی بەرز خوێن دەدات چونکە بە شێوەیەکی نەرێنی کاریگەری دەرمانەکە کەم دەکاتەوە.

ئەو گۆڤارە کە تایبەتە بە گرنگی دان بە خۆراک وەک جێگرەوەی دەرمان ڕوونیدەکاتەوە کە گریپ فروت مادەی " نارنجین"ی تێدایە کە ئیشی ئەو ئەنزیمە ڕادەگرێت کە دەرمان دەگەینێتە خوێن بە گوێرەی شێوازی بەکارهێنان. ئاماژەی بەوە کردووە کە خواردنی تەنها 300 ملیگرام لە گیراوەی (شەربەت) گریپ فروت هۆکارە بۆ ئەوەی دەرمانەکە ئیش نەکات و کاریگەری نەبێت یان بەهێزتری بکات.

لە هەمانکاتدا نابێت گریپ فروت لەگەڵ دەرمانی تایبەت بە دابەزاندنی کولیسترۆڵی و دەرمانی کەمکردنەوەی بەرگری جەستە و دەرمانەکانی چارەسەری دەروونی و یان ئەوانەی تایبەتن بە چارەسەری کیمیایی و ڕێکخستنی لێدانی دڵ بخورێت.

بوچی بارزانی سەرکردەکێ نەمرە؟

جەمال عەبدولناسر سەروکێ کومارا مسرێ یێ بەرێ:

مستەفا بارزانی زەلامەکێ خوراگر و مەزن و بهەیبەت بوو

محەمەد حەسەنێن هەیکەل:

بارزانی شورەش ل دیف شورەشێ دکر ب رێکێن خو ییێن پڕ شارازایی، و بتنێ هەمی هیڤی و ئومێدا وی سەربەخوبون و سەربلنداهی بوو، هەمی ئەو شەرێن ئەنجام داین پربون ژ بێهنا نیشتمانپەروەریێ

روژنامەڤان و نڤێسەر دانا ئادەم شمیتد:

بارزانی چیایەکێ بەرز و بلند و سمبولا تێکوشانێ بو د مێژویا گەلێ خودا



مافپەروەر: شوڕش سالح فازل

بارزانی دناڤا مێشک و دل و ناخێ هەر تاکەکێ گەلێ کوردا هەردەم دێ مینیت ساخ و نەمر و وەک ناسناما گەلێ کورد و سمبولا خەبات و تێکوشان و بەرخودان و شەنگەستێ ب دەست ڤەئینانا مافێن مللەتێ کورد و کەسایەتیێ کاریزما و بابێ روحی و مەزنترین رێبەر و سەرکردێ ئەفسانەیێ د مێژوویا خەباتا گەلێ خودا دهێتە نیاسین ژبەرکو (بارزانیێ نەمر) هەر ل تەمەنێ زاروکینیێ دا هەست بەرپرسیارەتیێ کر و حەزا خزمەت و خەبات و تێکوشان و بەرخودان و خو گوریکرنێ وەکو هیڤی و ئارمانجەکا مەزن هەمبەر گەلێ کوردستانێ ل دەف پەیدابوو.

ژبەر هەبونا ئیرادا وی یا بهێز هەر ل تەمەنێ گەنجاتیێ بارزانی شیا وەکو کەسایەتیەکێ) کارگێری و رامیاری و قیادی و تێکوشەر) ناڤ و دەنگی یا خو لسەرانسەری دەڤەرێ بەلاڤ بکەتن و ترسێ بێختە د ناڤ ناخ و دل و دەرونێ دوژمنی دا و هەر ژبەر ڤێ چەندێ)بارزانیێ نەمر) شیا خو بگەهینتە دلێ کێشا کوردی و دوزا مللەتێ کورد ئەوا د وەختەکی دا بتنێ وەکو نەمامەکا داریّ یا بچوک چاڤدێرێ لێ بکەتن و مەزن و جوان بکەتن و هەروەسا دوزا مللەتێ کورد د چارچوڤەکێ سنوردار و ناوچەگەری ڤەگوهێزیت بو چارچوڤەکێ سەرتاسەری کو ئەڤە دبیتە خالا جێوازیێ دگەل سەرکردێن دیتر ییّن شورەشێن کوردی زوربەیا خەبات و تێکوشانا وان د چارچوڤەکێ سنوردار دا بوو ، کەسایەتیا (بارزانیێ نەمر) ئەوێ زێدەتر ژ نیڤ چەرخی خزمەت و خەبات و تێکوشان و بەرخودان کری زێدەباری دیتن و ژیان د کاوانێن نەخوش و سەخت و دژوار دا هەمی پێخەمەت ژبو ب دەست ڤەئینانا مافێن مللەتێ کورد و دابین کرنا ژیانەکا هێمن و ئارام ل ژێر ئالایێ کوردستانێ دا کار و رەنگ ڤەدانەکا مێژوویێ هەبوو نەک تەنها لسەر ئاستێ ناڤخویی بەلکو لسەر ئاستێ نیڤ دەولەتی چونکە (بارزانیێ نەمر) ئێکەمین سەرکردە بویە شیای بو جارا ئێکێ دانپێدانەکا یاسایی وهەرێمی ب مافێن مللەتێ کورد ل عێراقێ ب دەست خوڤە بینیت هەروەکی (مێجەر ئەدگار) شروڤەکارێ سەربازی د پەرتوکا خو یا بناڤێ) ئەل سەورە ئەل کوردیە) یا سالا (1973) ئەڤ چەندە دیار کریە. (بارزانیێ نەمر) د کارو سالوخەتێن خودا سەرکردەکێ بێ وێنە بوو و هەمی رەوشت و تایبەتمەندییّن بەرز و جوان لدەف هەبوون و چەند ئەم لسەر باخڤین و بنڤێسین سەبارەت خەم خوری و دلسوزی و ڤیانا وی بو گەل و وەلاتێ وی هەر کێمە لەورا دێ چەندەک ژ دیتن و بوچونێن هندەک ژ سەرکردان و کەسایەتییێت دیار یّن بیانی سەبارەت (بارزانیێ نەمر) دەینە خویاکرن وەکو دوپاتکرن لسەر هەبوونا پێگەهێ بهێز یێ (بارزانیێ نەمر) و ناڤ و دەنگیا وی ل پال سەرکردێن دیار لسەر ئاستێ هەمی جیهانێ.

1- جەمال عەبدولناسر سەروکێ کومارا مسرێ یێ بەرێ، دبێژیت:

مستەفا بارزانی زەلامەکێ خوراگر و مەزن و بهەیبەت بوو ، و دوو چاڤێن مەزن و ڤەکری هەبوون د پر بوون ژ دەربرینێ ژ پلانێت خوراگری و هەر ژ دێمی وی خویا دکر کو خودان بریاربوو ، هەر ژ زاروکینیا خو شیا بەرپرسایەتیا کاروباران وەربگریت و بگەهیتە دلێ کێشا کوردی ، د سالێن سەرکردایەتیا وی دا بو بزاڤا رزگاری خوازا کوردی شارەزایی و زیرەکیا وی یا دبلوماسی و دانانا پلانێت سەربازی ژبو گەهشتنا ئارمانجێن کوردی د خویا بوو ، و پسپوریێن ژیانەکا تڤاڤ لدەف هەبوون ، و هەمی پرەنسیپێت بنیاتنانا کومەلگەهێ کوردستانێ دزانین ، و گەلەکێ معجب بوو ب وان کوردا ئەوێن سەربازی د پەرتوکا خو یا بناڤێ) ئەل سەورە ئەل کوردیە) یا سالا (1973) ئەڤ چەندە دیار کریە. (بارزانیێ نەمر) د کارو سالوخەتێن خودا سەرکردەکێ بێ وێنە بوو و هەمی رەوشت و تایبەتمەندییّن بەرز و جوان لدەف هەبوون و چەند ئەم لسەر باخڤین و بنڤێسین سەبارەت خەم خوری و دلسوزی و ڤیانا وی بو گەل و وەلاتێ وی هەر کێمە لەورا دێ چەندەک ژ دیتن و بوچونێن هندەک ژ سەرکردان و کەسایەتییێت دیار یّن بیانی سەبارەت (بارزانیێ نەمر) دەینە خویاکرن وەکو دوپاتکرن لسەر هەبوونا پێگەهێ بهێز یێ (بارزانیێ نەمر) و ناڤ و دەنگیا وی ل پال سەرکردێن دیار لسەر ئاستێ هەمی جیهانێ.

1- جەمال عەبدولناسر سەروکێ کومارا مسرێ یێ بەرێ، دبێژیت:

مستەفا بارزانی زەلامەکێ خوراگر و مەزن و بهەیبەت بوو ، و دوو چاڤێن مەزن و ڤەکری هەبوون د پر بوون ژ دەربرینێ ژ پلانێت خوراگری و هەر ژ دێمی وی خویا دکر کو خودان بریاربوو ، هەر ژ زاروکینیا خو شیا بەرپرسایەتیا کاروباران وەربگریت و بگەهیتە دلێ کێشا کوردی ، د سالێن سەرکردایەتیا وی دا بو بزاڤا رزگاری خوازا کوردی شارەزایی و زیرەکیا وی یا دبلوماسی و دانانا پلانێت سەربازی ژبو گەهشتنا ئارمانجێن کوردی د خویا بوو ، و پسپوریێن ژیانەکا تڤاڤ لدەف هەبوون ، و هەمی پرەنسیپێت بنیاتنانا کومەلگەهێ کوردستانێ دزانین ، و گەلەکێ معجب بوو ب وان کوردا ئەوێن دشیاین و رولێ خو دیتی د خزمەتکرنێن مەزن دا بو کێشا کوردی .

2- جورج ف.ئالان،سفیرێ ئەمریکی ل ئیرانێ سالا 1947 ، دبێژیت:

بارزانی سەرکردەیەکێ مێژوویێ یە ، ب هەمی هێزو شیان هەو ل و بزاڤ دکرن ژ بو ئازادیێ ، و شورەشگێرەکێ ئازایخواز بو دژی ستەم و زوردارییّ.

3- کمال فواد جنبلاّت ، بیرمەند و فەیلەسوف و زەعیمێ بەرێ یێ لبنانێ، دبێژیت:

دەمەکی ژ دەما من دڤیا رێکا درێژ و مەترسی دار تێپەرینم ، وەسا هاتە رێکخستن ئەز بچمە (ڤیینا) پایتەختێ)نەمسا) و لوێرێ من خو ئێخستە لژێر دستهەلاتا نوێنەرێن بارزانی داکو بو من گەشتەکێ رێک بێخن یان من ب قاچاغ بەنە کوردستانێ گوندەک ژ گوندێن چیایی کوردستانێ ل دەف بارزانییّ نە مر و ل ویّری ببینم و دگەل باخڤم سەرکردێ شورەشا کوردی ، لێ د وی دەمی دا ل دوماهیکی من ب کورترین و هێمنترین رێک بارزانی دیت.

4- محەمەد حەسەنێن هەیکەل، ئێک ژ ناڤ و دەنگترین روژنامەڤانێن عەرەبی و مسری بوو د چەرخێ بیستێدا یێ پشکدار بو د دارێژتنا سیاسەتا مسرێ لسەر دەمێ مەلک فاروق، دبێژیت:

ژ تایبەتمەندییّن بارزانی، ئەو ژ رەنگ و جورێ مێرخاسێن بەرێ بوو ، وەسا مروڤ معجبێ بەرزو بلنداهیا وی بوو شورەش ل دیف شورەشێ دکر ب رێکێن خو ییّن پڕ شارازایی، و بتنێ هەمی هیڤی و ئومێدا وی سەبەخوبون و سەربلنداهی بوو و هەمی ئەو شەرێن ئەنجام داین پربون ژ بێهنا نیشتمانپەروەریێ، ل مهابادێ خو دیت سەرکێشێ پترژ سێ هزار تێکوشەرا ل دەولەتەکێ کو ج سوپا نەبوو بەرگێریا وان بکەتن و وان کاودانا وەل وی کر ببیتە سەرکردەکێ نیشتمانپەروەر ، هەروەسا ژیانا وی زنجیرەکە ژ شەڕ و نەفی کرنێ ، و نمونەک بو بو هێز و ژیارا کوردان کو دەربرین ژ هێز و شیان و نەخوشیا وان دکر هەمی ئەڤ سالوخەتین مەزن ل دەف بارزانی هەبون.

5- دێیڤید ئادامسون : روژنامەڤانێ بریتانی د پەرتوکا خو یا بناڤێ) ئەل حەرب ئەل کوردیە) دا دبێژیت:

مێژویا شورەشا کوردی مێژویا مستەفا بارزانی یە ، سەروکەکێ تێکوشەر بوو.

6- ولیەم تۆهی د روژنامە واشنتۆن پۆستدا ل سالا 1970 ، دبێژیت:

مستەفا بارزانی زەلامەکێ پایەبەرز بوو، پێتڤی یە لسەر مە مێژویا وی بخوینن.

7- سەروکێ کومارێ مسرێ یێ بەرێ ، دبێژیت :من تەماشایا رێو رەسمێن ڤەشارتنا مستەفا بارزانی دکر ل بهارا سالا 1979و بو من زور ژ ئاشکەرایی دیار بو ئەو خەلکێ هندە یێ زۆر نەک تەنها هاتبوون داکو بو دوماهیک جار تەماشای گیانێ وی یێ پاک بکەن، بەلکو ئەو هاتبوون داکو خاترا خو ژ گرنکترین کەسایەتیێ سیاسی و عسکری یێ کورد بخوازن د درێژاهیا مێژوییّ دا هەر ژ دەمێ صلاح الدین الایوبی و هەتا نوکە.

8- محەمەد مەهدی ئەل جەواهری شاعرێ گەورە یێ عێراقی لسەر ئاستێ نیشتمانێ عەرەبا، دبێژیت:

د مێژویا روژهەلاتا ناڤین دا رێبەرەک سەرکردەک مینا بارزانی نەهاتیە دیتن کو بهێچ رەنگەکی دەست بەردان ژ کەرامەت و خوراگریا خو و خاک و مللەتێ خو نە دکر سەرەرای کاودانێت دژوار و نەخوش و تن کوردستان تێدا د بوری ، و هزر و بیرێن وی ییّن سیاسی گەلەگ د پێش کەفتی بوون ، زور ب کویری خویا دکر هەتا گەهشتبا ئەنجامێ دوماهیکێ یان ئاکلکا وێ کێشا ئەو لێ دگەریا .

9- روژنامەڤان و نڤێسەرێ بناڤ و دەنگێ ئەمریکی دانا ئادەم شمیتد د پەرتوکا خو یا بناڤێ) رحلە ئیلا رجال شجعان) ، دبێژیت :بارزانی چیایەکێ بەرز و بلند و سمبولا تێکوشانێ بو دمێژویا گەلێ خودا ، هەروەسا سەروکەکێ ئەفسانەیێ یێ میلەتەکێ خوراگر و بێ منەت بوو . (و من بارزانی دیت ل سالا 1966 ل وەلاتێ شورەشا کوردی و من چاڤپێکەفتن دگەل کر ، دوی دەمی دا ئەز سەرنڤیسەرێ روژنامە لادیبیث بووم).

هەروەسا ئەڤ روژنامەڤانە ل دەمێ گەریای و جهێ بارزانی دیتی ب مەندەهوشی گوت:

ئەو خوارنا ل بنگەهێ بارزانی دبیت نەخوشترین خوارن بیت ژ وان خوارنێن نەخوش یّن مە درێکا خودا دیتین ، و چ تشتێ تایبەت بو نەفسا خو نەدڤیا و چ تشتێن خوش ل دەردورا وی نە بوون.

10- رینیە موریس رێڤەبەرێ نڤیسینگەها روژنامەڤانی یا سەروکێ کومارا فەرەنسا یێ بەرێ فرانسو میتران، دبێژیت:

دناڤ هەمی قەهرەمان و شەهیدێن بزاڤا رزگاری خوازا کوردی دا ، بارزانی جهەکێ تایبەت هەیە لدەف کوردان ، و ئەم دشێن ببینن کو وێنێت وی د هەلاویستی نە ل مالێن کوردێن سادە ل تورکیا و ئێکەتیا سوڤیەتی یا بەرێ و هەروەسا د هەلاویستی نە دنڤێسینگەهێت بناڤ و دەنگ ل واشنتون ، و ژیانا وی وەکو ئەفسانەکێ یە ، و سەرکەفتنێت سەربازی یّن وی ب دەست خوڤە ئینایە گورەپانێت تێکوشانێ دا ژ تشتێن هەرە مەزن و کێم وێنە نە بوون کو میلەتێ کورد فەخر و شانازیێ پێ دبەن ، و ئەوێن دیتێن بو کور و نەڤیێن خو دبێژن و دوبارە دکەن و هندی کورد هەبن ، و بارزانی پشکداری د بزاڤا رزگاری خوازا کوردی دا کر ژبو مانا وێ ب درێژاهیا مێژوییّ، و بارزانی هەمی مەجێن سەرکردایەتیێ ل دەف هەبوون ، ئانکو بارزانی شیانێت کێشانا دلسوزی و سوزا هەر کەسەکی بو خو هەبوون ، و ئێکا هندە بکەتن چ ژن یان زەلام یان زاروک هەمی کاروبارێن خو بهێلنە پشت خو و ل دیڤ بارزانی بکەڤن هەتا ئەگەر کاودان چەند د نەخوش و ئالوز بن.

ئەڤ چەندێن کو هاتینە گوتن تنێ چەند خەسلەتەک بوون ژ کەساتییا بارزانیێ نەمر،لەورا (بارزانی) هەردەم دێ مینیت سەرکردەکێ روحی و نەمری و جهێ رێز و شانازیەکا مەزن لدەف هەمی مللەتێ کورد و هەمیی خەلکی کوردستانێ ب هەمی نەتەوە و ئاین و مەزهەباڤە و مێژوو و خەبات و سالوخەتێن وی ییّن بەرز و جوان هەردەم و هەمی گاڤا دێ هێتە گوتن و ڤەگوهاستن هندی دونیا هەبیت ، ل دوماهیێ سلاڤ لسەر گیانێ پاکێ پیرۆز یێ (بارزانیێ نەمر) و کاک (ئدریسێ جوانەمەرگ) و هەمی شەهیدێن کورد و کوردستانێ.

وون بوون

ناسنامەی مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر کولیژی زانستە ئەندازیارییە کشتوکالییەکان بەناوی د. ڕیاز اسود میرزە وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٣ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٧٧٤٦٧٣ بەرواری ٢٠١٤/١٠/١ بەبڕی ٥٠٠٠٠٠ بەناوی کلی حسین حمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای یوڤان جۆری ئۆتۆمبێل: مقطورە تریلە براد مع جهاز تبرید/٥ ڕەنگ نفطی سپی ژمارەی شاسی: VS9SA3NS4WA٠١٣٧٤٦ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

***

وون بوون

نووسراوی گومرگی ابراهیم خلیل بەناوی شرکە حسین علی احمد غلام جۆری ئۆتومبێل تویوتا لانگروز استیشن مۆدێل ٢٠١٥ ژمارەی ئۆتۆمبێل ١٣١١ کاتی دهوك ژمارە لاشە شاسی JTMHX٠٥J3F٤٠٩٩٥٢٧ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەرواری: ٢٠٢٠/٢/٢٦

بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (بەختیار سعید حسین) لە بەرواری ٢٠٢٠/٢/٢٥ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانیراوە لە (ڕێگای کەسنەزان) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازییوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووسی یەکەم / مریوان قرەنی ابراهیم

ئامێرەکان:

١- دووانە کەتەری ئاسن ٧,٥ ژمارە/ ١٣٩٠ و ١٣٩١ دروستکراوی خۆمالین مۆدێل ٢٠٠٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥*٢.

٢- هەشت دانە ئامێری لەحیم ولدن ژمارە/ ١٣٩٢ و ١٣٩٣ و ١٣٩٤ و ١٣٩٨ و ١٣٩٥ و ١٣٩٦ و ١٣٩٧ و ١٣٩٩ دروستکراوی صینین مۆدێل ٢٠٠٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A.M٣٠*٨.

٣- درێلی ستوونی ژمارە/ ١٤٠٠ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠٠٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١.

٤- پرێسی لەفکردنی ئاسن ژمارە/ ١٤٠١ دروستکراوی خۆمالی مۆدێل ٢٠٠٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١.

٥- تیژکردنەوەی مشاری سنی ژمارە/ ١٤٠٢ دروستکراوی خۆمالی مۆدێل ٢٠٠٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A.M٤٠.

٦- کۆسەرەی جێگیر ژمارە/ ١٤٠٣ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠٠٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A.M٤.

٧- مۆلیدەی کارەبا ژمارە/ ٨١٦٤٤٩ دروستکراوی ایطالی مۆدێل ٢٠٠٧ جۆری سوتەمەنی گازوائیل توانای K.V.A٥٠.

٨- کۆمپرێسەری هەواء ژمارە/ B٢٩٩٧٠٧ دروستکراوی سویدی مۆدێل ٢٠٠٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢.

٩- مقەسی برینی پلێت ژمارە/ ١٤٠٤ دروستکراوی خۆمالی مۆدێل ٢٠٠٧.

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەرواری: ٢٠٢٠/٢/٢٣

بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (هژار عثمان حسن) لە بەرواری ٢٠٢٠/٢/٢٠ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانیراوە لە (ڕێگای کەسنەزان) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازییوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووسی یەکەم / مریوان قرەنی ابراهیم

ئامێرەکان:

١- ئامێری بۆندارکردن و نەقشکردن و برینی کلێنکس ژمارە/ ١٠٠١ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠٠٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١١,٥.

٢- ئامێری سەفتکردن و لەپاکەت کردنی کلێنکس بێ ژمارە دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠٠٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١,٥.

***

دادگای باری کەسی دەشتی هەولێر

ژمارەی:٩٥/ش/٢٠٢٠

بەروار: ٢٠٢٠/٢/٢٦

جاردان

بۆ داوالێکراو (فلاح محمد علوان)

شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (وسن مظهر حمادی) داوای ژمارە ٩٥/ش/٢٠٢٠ لەسەرت تۆمارکردووە, کەتیایدا داوای (جیابوونەوەی کردووە) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختارەکانی (الحسینیة/ بیجی) بۆیە دادگا بریاری دا کە پێت ڕابگەیەنرێت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی ڕۆژی ٢٠٢٠/٤/٨ کاتژمێر (٩) بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشەمڵە و ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام ئەدرێت بەپێی یاسا.

دادەر/ ناطق شمس الدین کوخا حسین

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر

ژمارە:٢٠١٨/١٢٠٢

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٣/٢

ئاگاداری

بۆ قەرزار (دلدار کمال خالد)

شوێنی نیشتەنی نادیار

لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێتان و نیشتەنی هەمیشەیی یا کاتی هەڵبژێردراوتان نییە بۆ پێ ڕاگەیاندنتان لەبەر ئەوەی بەپێی مادەی (٢٧) ی یاسای جێبەجێکردنی بڕیار درا لە ڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوخۆ ئاگادار بکرێنەوە بەبڕیاری گلدانەوەی جێبەجێکردنی (الحجز التنفیذی) لەسەر سامانی گوازراوە (ئۆتۆمبێلی (١٧٤٥٠٢/ هەولێر – بارهەلگر) لەبەر ئەوەی پێویستە لەسەرتان ئامادەبن لەبەرددم ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لە ماوەی (٣) سێ ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بۆ دانەوەی بری پارەی (٥٦,٢٥٠,٠٠٠) ملیۆن دینار بۆ خاوەن قەرز (احمد نجف رضا) بەپێچەوانەوە ئەم بەڕێوەبەرایەتییە هەڵدەستێت بەفرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ئاماژە پێ کراو بەپێ یاسا.

جێبەجێکاری داد / هەردی حمامین همزه

***

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر

هۆبەی/ هونەری

ژمارە: ١٣٢٦

ڕێکەوتی: ٢٠٢٠/٣/١

جاردانی داوکاری سەر لەنوێ

تۆمارکردنەوەی خانووبەرە

بەپێی ئەو داواکارییەی لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٢/٢٣ پێشکەش بەم فەرمانگەیە کراوە بۆ سەر لەنوێ تۆمارکردنی تەواو خانووبەرەی زنجیرە (٣٥٩/٦٥٨) کەرتی (٤٥ وارش) گەرەك (ئیسکان) بەناوی فیروز عبدالله سلیمان کە لەژێر دەستییەتی بۆماوەی یاسایی وەك خاوەنی وە بەمەبەستی خاوەندارییەتەکەی بۆ ئەوەی بەپێی یاسایی تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣) ساڵی (١٩٧١) تۆمارکرێت بڕیارماندا داواکاریەکە بڵاکرێتەوە جا هەرکەسێك پەیوەندی هەبێت یا مافێکی دیاری کراوی لەسەر هەبێت لەماوەی (٣٠ ڕۆژ) لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەکە بەڵگەو قەوالەی خۆی پێشکەش بەم تێبینەرایەتیە بکات و لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی ڕۆژی کۆتایی دوای بڵاوکردنەوەکە لە شوێنی خانووبەرەکە ئامادەبێت بۆ سەلماندنی مافەکانی لەکاتی ئەنجامدانی ئەو نۆرینە کە لەو ڕۆژی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدرێت.

بەڕێوەبەر/ خسرۆ سعید ادم

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر

***

بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی پێنج

کارگێری- خۆیەتی

ژمارە: ٩٢٨

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٣/١

بۆ/ خاتوو (ملیحه یاسین سمین)

بەناونیشانی (ئەندازیاری.پ)

ئاگاداکردنەوە (الاخطار)

ئاماژە بە فەرمانی کارگێریەمان ژمارە (٨٥٠/١٥) لە ٢٠٢٠/٢/٢٤

خاتوو (ملیحه یاسین سمین) بەناونیشانی (ئەندازیاری.پ) مۆڵەتی بێ مووچەی وەرگرتووە لە بەرواری ٢٠١٩/٢/١٩ کۆتایی بە مۆڵەتەکەی هاتووە بۆیە ئاگادارت دەکەینەوە کە دەست بەکاربکەیتەوە بۆ ماوەی ٧ ڕۆژ ئەگەر لەناوەوەی شاری وە بۆ ماوەی ٣٠ ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانی بەپێچەوانەوە کۆتایی بەراژەکەت دێت بەپێی برگەی ٤ بەندی ٣٧ یاسایی خزمەتی شارستانی ژمارە ٢٤ لە ساڵی ١٩٦٠ هەموارکراو.

ئەندازیار/ عبدالله شمس الدین عبدالله

بەڕێوەبەری شارەوانی پێنج / بەوەکالەت

***

دادگای باری کەسایەتی لە دهوك

ژمارە/ ٥١/ش/٢٠٢٠

ڕێکەفت/ ٢٠٢٠/٢/٢٧

ڕاگەهاندن

بۆ/ داوالێکراو/ سویدة سوار عیسی

ل دوێف داخازیا داواکار تالان ماجد عبدالرحمن و کێشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا داخازیا تصدیق طلاق کری ژ بەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجی بونا تە بو دادگەهێ ل دوێف نفیسارا بەربژارێ ئەڤرو سیتی / قضاء سمیل ئەڤجا بریار هاتەدان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕوژانە دا نامادەبی ل ڕوژا ٢٠٢٠/٣/٢٩ یان بریکارەکێ پێش خو ڤە نامادە بکە ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشملی هێتە کرن

دادەر/ مروان عادل اسماعیل

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر

بەشی یاسا

ژمارە: ٣٠٠١

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٧

بڕیار

ئاماژە بەناوەڕۆکی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی کارگێری لقی کۆمپانیای (Intersea Exports Limited)ی قبرصی بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) ڕاستێندراوە لە بالوێزخانەی عیراق لە بیروت بە ژمارە (٢١٧٥) لە ٢٠١٩/١٠/١٧ وە فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ژمارە (٤٣٦) لە (٢٠٢٠/٢/١٠) و بریکاری لقی کۆمپانیا لە ٢٠٢٠/٢/١٦ تایبەت بە داخستنی لقی کۆمپانیا، وە دانانی بەڕێز (ئاواره شمس الدین عمر) بەپاکتاوکاری لقی کۆمپانیای ناوبراو.

من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوم پەسندکرد پالپشت بە مادەی (١٥) لە سیستەمی ژمارە (٥) سالی ١٩٨٩.

ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠٢٠/٢/١٧

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر

هۆبەی یاسایی

ژمارە: ٤٢١٩

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٣/٢

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (اکو عزیز جلال) بۆ بازرگانی گشتی / تاك)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیا (اکو عزیز جلال) بۆ بازرگانی گشتی / تاك) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٢/١٧) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (نجاة اسماعیل صالح) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٣/٢

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی پشکنین وبەدواداچون

ژمارە: ١٥٤٣

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٣/١

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)

دوای تەواوکردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (القرن الجدید) بۆ (بازرگانی هەموو جۆرە پلاستیکێك/ سنووردار)وە پالپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ هەموارکراو

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بڕیارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ مادەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ ی هەمووارکراو

أراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیان دهوك

بەشێ کۆمپانیێن نیشتیمانی

ژمارە/ ٨١٣

بەروار/ ٢٠٢٠/٣/٢

بڕیارا پاکتاوکرنا کومپانیا (سنووردار)

پالپشت ب ناڤەرۆکا بڕیارا دەستەیا گشتی یا کومپانیا (روشەنگ ROSHANG) بۆ (بازرگانی گشتی و بریکارنامەی بازرگانی – هاوردە و هەنارده/ سنووردار) ل ڕێکەفتی ٢٠٢٠/٢/٢٢ێ تایبەت ب دانانا کۆمپانیایێ ل ژێر پاکتاوکرنێ دا و دانانا بەڕێز (علی عرب حسین) وەکو پاکتاوکارێ کۆمپانیا ناڤبری.

ئەز وەکو ڕێڤەبەرێ کۆمپانییێن دهوکێ بڕیارا سەری پەسند کەم ب مەرجەکی بهێتە بەلاڤ کرن لدیڤ ئەحکامێن ماددەیا ١٦٠ێ ژ یاسایا تومارکرنا کۆمپانیا یا ژمارە ٢١ێ سالا ١٩٩٧ێ یا هەموارکری.

ئەڤ بریارە هاتیە نڤیس ل ڕێکەفتێ ٢٠٢٠/٣/٢

مافپەروەر/ شێروان حیتو عبدالرحمن

ڕێڤەبەرێ کۆمپانیان/ دهوك

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیا (Intersea Exports Limited) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) بڕیاری پاکتاوکرنی کۆمپانیای داوە بۆیە هەرکەسێك یان لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)

پاکتاوکار/ ئاواره شمس الدین عمر

نانیشان/ هەولێر – ئازادی

ژمارە مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٤٩١٢٥١

ئیمل: Awarachalebi@yahoo.com

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیا (روشەنگ ROSHANG) بۆ (بازرگانی گشتی و بریکارنامەی بازرگانی – هاوردە و هەنارده/ سنووردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگاری دهۆك)

پاکتاوکار/ علی عرب حسین

ناونیشان/ دهوك

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٧٣٨٦٩٨

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیا (اکو عزیز جلال) بۆ بازرگانی گشتی / تاك) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)

پاکتاوکار/ نجاة اسماعیل صالح

ناونیشان/ هەولێر برج عداله

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٧٩٥٢٥٢٠

وەزارەتی پێشمەرگە
دادگای سەربازی یەك
ژمارە: م/١٢٥
ژمارە: ٧٥ (١٩/ك/٢٠١٦)
رێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٢٥
بۆ/ سزادراوی بەپاشملە (المحكوم غيابيا)
ج.اول (وليد محى الدين عبدالغفور)
پێراگەیاندنی بریاری دادگا
بەپێی بڕیاری دادگاکەمان ژمارە (١٩/ك/٢٠١٦) لە بەرواری (٢٠٢٠/٢/١٨) سزادراوی بەپاشملە (غیابی) وەلەبەر ئەوەی ناونیشانت نادیارە بۆیە لە ڕێگای ڕۆژنامە فەرمیەکانەوە ئەو بڕیارەت پێ ڕادەگەیەنین و پێویستە لەماوەی یاسایی خۆت بەدەستەوە بدەیت و هەموو مافێکی (اعتراض و تمییز)ت هەیە بەپێچەوانەوە ئەم بڕیارە بە تێپەڕبوونی ماوەی یاسایی پلەی بنبڕ وەردەگرێت و حوکمەکەت بە (منزلە الحكم الوجاهی) ئەژمار دەکرێت.
شوێنی کار: وەزارەتی پێشمەرگە- بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەواڵگری پێشمە ر گە .
دادەر/ کوردەوان محمود کاکە شێخ
سەرۆکی دادگای سەربازی یەك

هاوپێچ:
* دەقی بڕیارەکە

١- سزادانی تاوانبار (المدان) (ج.اول/ ولید محی الدین عبدالغفور) بە بەندکردنی توند بۆ ماوەی (١) یەك ساڵ بەپێی ماددەی (٣٣/ یەکەم) لەیاسای سزاکانی سەربازی ژمارە (١٩)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی کارپێکراو.
٢- سەپاندنی سزای پاشکۆیی (العقوبة التبعية) بە وەدەرنانی (ألاخراج) تاوانبار لە ڕاژەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەپێی ماددەی (١٧/دووەم) لەیاسای سزاکانی سەربازی ژمارە (١٩)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی کارپێکراو.
٣- ئەم بڕیارە بەکۆی دەنگ دەرچووە لە بەرواری ٢٠٢٠/٢/١٢ بەشێوەی پاشملە غیابی وە ڕاگەیەنرا بەئاشکرا وە شایەنی پەڵپ و پێداچوونەوەیە (قابل الاعتراض و التمییز).

***

وەزارەتی پێشمەرگە
دادگای سەربازی یەك
ژمارە: ١٤٠/م
ژمارە: ٧٩ (٢٤/ك/٢٠١٩)
رێکەوت: ٢٠٢٠/٣/١
بۆ/ سزادراوی بەپاشملە (المحكوم غيابيا)
ن.ض.د.٣ (وەیسە کاکەخان دارا رشید)
پێراگەیاندنی بریاری دادگا
بەپێی بڕیاری دادگاکەمان ژمارە (٢٤/ك/٢٠١٩) لە بەرواری (٢٠٢٠/٢/١٨) سزادراوی بەپاشملە (غیابی) وەلەبەر ئەوەی ناونیشانت نادیارە بۆیە لە ڕێگای ڕۆژنامە فەرمیەکانەوە ئەو بڕیارەت پێ ڕادەگەیەنین و پێویستە لەماوەی یاسایی خۆت بەدەستەوە بدەیت و هەموو مافێکی (اعتراض و تمییز)ت هەیە بەپێچەوانەوە ئەم بڕیارە بە تێپەڕبوونی ماوەی یاسایی پلەی بنبڕ وەردەگرێت و حوکمەکەت بە (منزلە الحكم الوجاهی) ئەژمار دەکرێت.
شوێنی کار: وەزارەتی پێشمەرگە- بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەواڵگری پێشمە ر گە .
دادەر/ کوردەوان محمود کاکە شێخ
سەرۆکی دادگای سەربازی یەك

هاوپێچ:
* دەقی بڕیارەکە
* سزادانی تاوانبار (ن.ض.د.٣/ وەیسە کاکەخان دارا رشید) بە بەندکردنی توند بۆ ماوەی (١) یەك ساڵ بەپێی ماددەی (٣٣/ یەکەم) لەیاسای سزاکانی سەربازی ژمارە (١٩)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی کارپێکراو.
٢- سەپاندنی سزای پاشکۆیی (العقوبة التبعية) بە وەدەرنانی (ألاخراج) تاوانبار لە ڕاژەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەپێی ماددەی (١٧/دووەم) لەیاسای سزاکانی سەربازی ژمارە (١٩)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی کارپێکراو.
٣- ئەم بڕیارە بەکۆی دەنگ دەرچووە لە بەرواری ٢٠٢٠/٢/١٨ بەشێوەی پاشملە غیابی وە ڕاگەیەنرا بەئاشکرا وە شایەنی پەڵپ و پێداچوونەوەیە (قابل الاعتراض و التمییز).

***

وەزارەتی پێشمەرگە
دادگای سەربازی یەك
ژمارە: ١٢٨/م
ژمارە: ٧٦ (٨٣/ك/٢٠١٦)
رێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٢٥
بۆ/ سزادراوی بەپاشملە (المحكوم غيابيا)
ن.ض.د.٧ (بڕوا صباح صدرالدين مولود)
پێراگەیاندنی بریاری دادگا
بەپێی بڕیاری دادگاکەمان ژمارە (٨٣/ك/٢٠١٦) لە بەرواری (٢٠٢٠/٢/١٢) سزادراوی بەپاشملە (غیابی) وەلەبەر ئەوەی ناونیشانت نادیارە بۆیە لە ڕێگای ڕۆژنامە فەرمیەکانەوە ئەو بڕیارەت پێ ڕادەگەیەنین و پێویستە لەماوەی یاسایی خۆت بەدەستەوە بدەیت و هەموو مافێکی (اعتراض و تمییز)ت هەیە بەپێچەوانەوە ئەم بڕیارە بە تێپەڕبوونی ماوەی یاسایی پلەی بنبڕ وەردەگرێت و حوکمەکەت بە (منزلە الحكم الوجاهی) ئەژمار دەکرێت.
شوێنی کار: وەزارەتی پێشمەرگە - بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەواڵگری پێشمە ر گە .
دادەر/ کوردەوان محمود کاکە شێخ
سەرۆکی دادگای سەربازی یەك

هاوپێچ:
* دەقی بڕیارەکە
* سزادانی تاوانبار (ن.ض.د.٣/ وەیسە کاکەخان دارا رشید) بە بەندکردنی توند بۆ ماوەی (١) یەك ساڵ بەپێی ماددەی (٣٣/ یەکەم) لەیاسای سزاکانی سەربازی ژمارە (١٩)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی کارپێکراو.
٢- سەپاندنی سزای پاشکۆیی (العقوبة التبعية) بە وەدەرنانی (ألاخراج) تاوانبار لە ڕاژەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەپێی ماددەی (١٧/دووەم) لەیاسای سزاکانی سەربازی ژمارە (١٩)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی کارپێکراو.
٣- ئەم بڕیارە بەکۆی دەنگ دەرچووە لە بەرواری ٢٠٢٠/٢/١٨ بەشێوەی پاشملە غیابی وە ڕاگەیەنرا بەئاشکرا وە شایەنی پەڵپ و پێداچوونەوەیە (قابل الاعتراض و التمییز).

***

وەزارەتی پێشمەرگە
دادگای سەربازی یەك
ژمارە: م/١٣٤
ژمارە: ٧٧ (٩٩٧/٢٠١٧)
رێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٢٧
پێراگەیاندن
بۆ/ ج.اول (نادر علی طیب)
پێت ڕادەگەیەنین کەوا پێویستە لەسەرت ئامادەی دادگاکەمان بیت لە ماوەی یاسایی دیاری کراو کە بڕیتی یە لە (٣٠) سی ڕۆژ کە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی دەست پێ دەکات تا تەواو بوونی ماوەی یاسایی دیاری کراو بەمەبەستی ئامادەبوونت یان خۆ بەدەستەوە دانت لە کێشەی ژمارە (٢٠١٩/٦٦) کە بەپێی ماددەی (٣٣/ یەکەم) و (٦٢/سێیەم) لەیاسای سزاکانی سەربازی ژمارە (١٩)ی ساڵی (٢٠٠٧) هەواڵەی دادگاکەمان کراوە بۆیە پێویستە ئامادەبیت بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەشێوەی (غیابی) بەپێی یاسا.
شوێنی کار/ وەزارەتی پێشمەرگە- لیوای (٨) ی پیادە.
شوێنی دانیشتووی / نانوێشانی دیار نییە (مجهول محل الاقامە).
دادەر/ کوردەوان محمود کاکە شێخ
سەرۆکی دادگای سەربازی یەك

***

وەزارەتی پێشمەرگە
دادگای سەربازی یەك
ژمارە: م/١٣٣
ژمارە: ٧٨ (٦٦/٢٠١٩)
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٢٧
پێراگەیاندن
بۆ/ ر.ع (هێمن نوری محمد نجم)
پێت ڕادەگەیەنین کەوا پێویستە لەسەرت ئامادەی دادگاکەمان بیت لە ماوەی یاسایی دیاری کراو کە بڕیتی یە لە (٣٠) سی ڕۆژ کە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی دەست پێ دەکات تا تەواو بوونی ماوەی یاسایی دیاری کراو بەمەبەستی ئامادەبوونت یان خۆ بەدەستەوە دانت لە کێشەی ژمارە (٢٠١٧/٩٩٧) کە بەپێی ماددەی (٣٣/ یەکەم) و (٦٣/دووەم) لەیاسای سزاکانی سەربازی ژمارە (١٩)ی ساڵی (٢٠٠٧) هەواڵەی دادگاکەمان کراوە بۆیە پێویستە ئامادەبیت بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەشێوەی (غیابی) بەپێی یاسا.
شوێنی کار/ وەزارەتی پێشمەرگە- لیوای (٨) ی پیادە.
شوێنی دانیشتووی / نانوێشانی دیار نییە (مجهول محل الاقامە).
دادەر/ کوردەوان محمود کاکە شێخ
سەرۆکی دادگای سەربازی یەك

***

دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە: ٢٢٢٤/ب/٢٠١٩/٥
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٣/١
جارِدان
بۆ داوالێکراو/ سعدا قادر سعید
داواکار (سعدالدین قادر سعید) داوای ژمارە (٢٢٢٤/ب/٢٠١٩/٥) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی یاداشتی موختاری (پارێزگاری هەولێر/مامۆستایان/٢) بۆیە دادگا بڕیاردا بە پێراگەیاندنت بەدوو ڕۆژنامەی ناوەخۆی ڕۆژانە، بۆیە دەبێت ئامادەبێت خودی خۆت یاخود بریکاری یاساییت لە دادبینی ڕۆژی ٢٠٢٠/٤/١٢ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بە پاشملە.
دادەر/کاوە صدیق حسین

***

فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر
هۆبەی هۆشداری و گلدانەوە
ژمارە: ١٠١١/٧
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٣/١
بڵاوکردنەوەی هۆشداری
هۆشدار: (پارێزەران ئاری حمید صالح و ئاسۆ فاروق حسین بریکارانی گشتی صالح خدر معروف و محمد رشید مصطفی)
هۆشدار الێکراو (کمال اکرم جعفر)
بەڕێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لەلایەن (ئاری حمید صالح و ئاسۆ فاروق حسین بریکارانی گشتی صالح خدر معروف و محمد رشید مصطفی) بە ژمارە (٦٩/١٣٨٥) لە ٢٠٢٠/٢/١٩ بەمەبەستی هۆشداری کردنت و دانی کرێی مانگانەی ماریکێتی پێکهاتوو لە دوکان و ژێرزەمین دروستکراو لەسەر موڵکی بریکاردارم بە ژمارە (١٩/٤٠٢ کەرتی ٤٦ وارش) بەکرێی مانگانە بەبری (١٣٠٠$) هەزار و سێ سەد دۆلاری ئەمریکی بۆ مانگەکانی (حوزەیران ، تەممووز ، ئاب، ئەیلول، تشرینی یەکەم و تشرینی دووەم و کانونی یەکەم) بۆ ساڵی ٢٠١٩ وە مانگەکانی (کانووی دووەم و شوبات بۆ ساڵی ٢٠٢٠) لە ماوەی (٨) هەشت ڕۆژ لەدوای پێراگەیاندنت بەم هۆشدارییە وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبونتان نادیارە بەپێی اشعاری موختاری دووەمی گەرەکی (شۆرش - ٢) لەشاری هەولێر لە ٢٠٢٠/٣/١ بۆیە لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە بەفەرمی ئاگادارتان دەکەینەوە.
مریوان قرنی ابراهیم/ دادنووسی یەکەمی هەولێر

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٥
ژمارە: ٨٥٥/ش/٢٠٢٠/٥
ڕێکەوت:٢٠٢٠/٣/٢
جارِدان
بۆ داوالێکراو: هیام جاسم محمد/
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (حسین رمضان قادر) داوای ژمارە (٨٥٥/ش/٢٠٢٠/٥)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە، تیایدا داوای (تصديق طلاق) دەکات، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە، بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی (٢٠٢٠/٤/١٢) بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادەر/پەژار عبدالله نصیف

***

مديريه الجنسيه العامه لإقليم كوردستان
مديريه الجنسيه والاحوال المدنيه لمحافظه أربيل/ شؤون الاحوال /الواقعات
العدد: ٣٧٤٩
التاريخ: ٢٠٢٠/٣/٢
اعلان
قدم المواطن (احمد حسن حسين) طلب فى هذه المديريه لتسجيل لقبه (صوفيان) فمن لديه اعتراض مراجعه هذه المديريه خلال عشر يوما من تاريخ نشره فى جريده الرسميه وبعسكه سوف تنظر هذه المديريه فى دعوى وفق احكام الماده (٢٤) من قانون البطاقه الوطنيه رقم (٣) لسنه ٢٠١٦.
ع/اللواء الحقوقى
نشأت إبراهيم شلال
مدير العام للمديريه الاحال المدنيه
والجوازات والإقامه/وكاله

***

دادگای بەرایی سلێمانی / ١
ژمارە : ١٠٠٧ / ب / ٢٠١٨
ڕێکەوت : ٢ / ٣ / ٢٠٢٠
ئاگاداری
داواکار : محمد جلال محی الدین بریکارەکەی پاریزەر بەختیار حمە سعید و ڕێبەر عبدالله
بۆ داوا لەسەر کراو / جبار علی شریف
ئەم دادگایە لەبەرواری ٢٠١٩/١١/١٣ بڕیارێکی دەرکردووە بە لابردنی فەرە بەشەکان لەسەر موڵکی ژمارە ١١٠/٣ کەرتی ١٧ سوتکە لەبەر ئەوەی شیاوی بەش کردن نەبوو لە نێوانتانا وە لەبەر ئەوەی نێستا تۆ شوێنی دانیشتنت نادیارە ئاگادارت ئەکەینەوە لەماوەی یاسایی و پێداچوونەوە بگریت لەم بڕیارە بە پێچەوانەوە ئەم بڕیارە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بە پێی یاسا .
دادوەری یەکەم / اسماعیل عمر احمد

***

دادگای بەرایی کەلار
ژمارە : ٧٥ / ب / ٢٠١٧
ڕۆژ : ٢٧ / ٢ / ٢٠٢٠
ئاگاداری
بۆ داوا لەسەر کراو / محمد حمید رمیض
بە پێی بڕیارێکی ئەم دادگایە تایبەت داوای ژمارە (٧٥/ب/٢٠١٧) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبونت نادیارە بە پێی ڕاڤەی ئاگادارکەرەوە و (اشعار) ی موختاری (سلێمانی - گەڕەکی هەرەوزی، پاك سیتی بالەخانەی ٥A شوقەی ٥٤) وە بونیاد لەسەر بڕیاری دادگا (٢٠٢٠/٢/٢٧) بە پێی مادەی (١/٢١) لە یاسای دادبینی شارستانی کە لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی ئاگادارت بکەینەوە بە بڕیاری ژمارە (٧٥/ب/٢٠١٧) لە (٢٠٢٠/١/٧) کە تیایدا دادگاکەمان بڕیاری داوە رات کردنەوەی داوای (رد الدعوى) داوای داواکار (کامران احمد ھەمزە) کە تیایدا داوای (منع معارضه) ی کردووە بە مەبەستی تۆمارکردنی مۆڵتی وەبەرهێنانی تایبەت بە عەلوەی کەلاری نوێ وە بڕیاری دادگا شیاوی بەرهەڵست کردنە و تێهەڵچونەوە و پێداچونەوە.بە پێچەوانەوە دادگا بە پێی یاسا بەردەوام دەبێت لەسەر کارەکانی.
دادوەر / حسن احمد عباس

***

دادگای باری کەسایەتی لە دهوك
ژمارە/ ٦٠/ش/٢٠٢٠
ڕێکەفت/ ٢٠٢٠/٢/٢٧
راگەهاندن
بۆ/ داوالێکری: امین یعقوب امین
ل دویڤ داخازیا داواکار ایمان یونس احمد و کێشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا داخازا اجرة حضانه ژ تە کری ژ بەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجی بونا تە بو دادگەهێ ل دویڤ نڤیسارا بەربژارێ گوندێ میرسیدا ل ڕێکەفتی ٢٠٢٠/١/٣٠ ئەڤجا بریار هاتەدان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕۆژانە دا ئامادەبی ل ڕۆژا ٢٠٢٠/٣/٣٠ یان بریکارەکێ پێش خو ڤە ئامادە بکە ئێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشملی هێتە کرن
دادوەر/ زیرڤان احمد حسین

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Asset Manager
Work Location	Dubai Office
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Job Summary: The Asset Manager will be part of an international dynamic working environment characterized by highly experienced, skilled and motivated employees. The Asset Manager are based in the Dubai office and are key members of the Kurdistan Business Unit leading, managing, planning, coordinating, supporting and supervising hydrocarbon development activities for the fields they are responsible for.

Please visit our website to read more details on the key responsibilities of this job.

Required Qualifications & Experience:

• The candidate ideally holds a degree in Engineering, Subsurface or technical degree
with broad E&P experience
• Has had exposure in career to the full E&P value chain
• Experience in both IOC major(s) and smaller more entrepreneurial environments
• 15 years or more experience in upstream oil and gas across, technical, operations and
project management roles with at least 5 years' experience in leadership of a
multifunctional development project.
• Commercial exposure will also be highly regarded, in particular in a Joint Venture (JV)
environment.
• Preferably experience in working in Middle East and in with multi-cultural teams

Notes for interested Candidates
Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 Office +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Lead Technical Safety Engineer
Work Location	Dubai Office
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Job Summary: Responsible for providing specialist advice, safety related input and support to Projects on technical Health, Safety and Environmental engineering aspects to design, operational processes, and project team's activities.

Please visit our website to read more details on the key responsibilities of this job.

Required Qualifications & Experience:

• Technical academic background,
• >15 years of experience from large capital expenditure (capex) projects, preferably within the oil and gas industry. At least 5 years as a successful Lead Technical Safety Engineer.
• Have a wide range of technical skills and experience but shall have knowledge of practical process techniques and equipment typically 2 & 3 phase separation, crude stabilization, H2S removal and process control techniques.
• Familiar with the design, setting up and mobilization of capex projects and their subsequent execution to successful completion.
• Skilled in Asset Integrity and Process Safety Management.
• Familiar with international HSE engineering design standards
• Solid experience of industry standard software tools, in particular Hazard Management Software tools (IE. HazLog, Fred, Phast & Phast Risk, etc.)
• Proven capability in conducting Safety & Risk studies including but not limited to HAZOP / HAZID/ QRA/ PTR /SIL / & Technical Safety Audits
• Excellent communication skills when working with cross functional teams within the office to provide safety related input to projects.

Notes for interested Candidates
Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 Office +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no



ڕووسیا و ئاڵوگۆڕییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا



د. خۆشەوی مەلا بڕایم

دەستپێکی پێوەندییەکانی نێوان ڕووسیا و وڵاتانی عەرەبی بۆ ساڵی 1950 دەگەڕێتەوە کاتێک، کە یەکێتیی سۆڤیەت داوای لە وڵاتانی عەرەبی کرد، کە هەڵوێست دژی ڕۆژئاوا دەربڕن. بەر لە ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت ئاڵوگۆڕی بازرگانی و تەکنیکی ئابووری سالانە لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی بە ڕێژەی 6,5بۆ 7 ملیارد دۆلار بوو.

یەکێتیی سۆڤیەت یەکێک لە وڵاتانی سەرەکیی هەناردەکاری چەک و تەقەمەنی بوو بۆ وڵاتانی عێراق، سووریا، میسر، یەمەن، جەزائیر و لیبیا، تەنیا لە ساڵی 1983-1990 یەکێتیی سۆڤیەت بە ڕێژەی 55 ملیارد دۆلار چەکی فرۆشتووەتە وڵاتانی عەرەبی، بەڵام لەهەمانکاتدا لە ساڵی 1991 بە ڕادەی 35 ملیارد دۆلاریش ئەو وڵاتانە قەرزداری ڕووسیا بوون، عێراق 8ملیارد دۆلار، سووریا نێزیکەی 11 ملیارد دۆلار و جەزائیر زیاتر لە 4 ملیارد دۆلار و میسریش 3 ملیارد دۆلار. بەر لە هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ ئەو وڵاتانە زۆر کەمبووە، ڕووسیا زیاتر گرینگی بە پەرەسەندنی پێوەندییەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوا دەدا. لە لایەکی دیکەیشەوە عێراق و لیبیا لە ساڵانی نەوەدەکاندا کەوتنە ژێر باری ئابلۆقەی ئابووری، ڕێژەوی سیاسی جەزائیریش گۆڕا، یەمەنی باشووریش خۆی لەگەڵ یەمەن لێکداوە، ڕووسیا ئەو هاوپەیمانانەی لە دەست دان، لەلایەکی دیکەوە هەر لەو ڕێمەدا بەهۆی کۆچی جوولەکە ڕووسییەکان بۆ ئیسرائیل پێوەندییەکان لەگەڵ ئەو وڵاتە بەهێز کەوت. لە پاش ساڵی 1995ڕووسیا جارێکی دیکە سەر لەنوێ دەستی بە دامەزراندنی پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی وەکو عێراق، سووریا، لیبیا و جەزائیر کردەوە. لەو سااڵنەی دوایدا باسی چەندان گرێبەستی چەک لە نێوان ڕووسیا و کۆپێت لەبارەی کڕینی ڕۆکێتی بەرگری ئاسمانی کراوە، میرنشینی عەرەبیش نێزیکەی 300نەفەربەری سوپایی ڕووسییایی کڕیووە و چەندان ڕێکەوتننامەی کاتی واژۆ کراون. ئەمڕۆ پێوەندییەکانی نێوان ڕووسیا لەگەڵ وڵاتانی ئیسرائیل، تورکیا، ئێران، میرنشینی عەرەبی، کوێت، عێراق، عارەبستانی سعودیا و میسریش گەشەیەکیان بەخۆوە بینیووە و ئوردنیش داوای کڕینی چەندان جۆر چەکی کردووە.

پێشبینییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا لەبارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

ڕووسیا لەگەڵ بەشێکی زۆری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بازاڕەکانی جیهاندا لە ڕووی وزەوە ڕکابەرە وەکو دیارە، کە لە درێژخایەنیشدا ئەو بارودۆخە هەر بەردەوام دەبێت. بەڵام هەلومەرجی بازاڕ وا لە ڕووسیا دەکات، کە جۆرە هاوکارییەک لەگەڵ ئۆپێکدا بکات، لە ڕووی بەربەرەکانێکردنی دیاردەی تیرۆریزمیش ناچارە، کە هاوکاری لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا بکات.یەکێک لە کێشەکانی پێوەندی ڕووسیا لەگەڵ سەرانی عەرەبی جێگیر و نەگۆڕ ئەوەبووە کاتێک، کە ئەو سەرکردانە لەسەر کار لابردراون یاخۆ جێگرەوەکانیان دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست ڕووسیا نەیتوانیوە، کە سوود لە پێوەندییەکانی ڕابردووی خۆی لەگەڵ ئەو وڵاتانە وەربگرێت، بۆ ئەوەی لەوێوە بکاریت پێوەندییەکان ئابووری و سیاسییەکانی خۆی نوێبکاتەوە و درێژە بەو پێوەندییانە بدات، بگرە بە پێچەوانەوە کێشەش بۆ ڕووسیا دروست کراون. بازاڕی چەکی وڵاتانی کەنداوی فارسی، کە خاوەنی توانای زۆری دارایین زۆر جێگەی بایەخی ڕووسییایە، بەڵام تا ئێستە کڕیارەکان لە ئاستێکی وادا نین، کە مایەی دڵخۆشی و گەشبینی ڕووسیا بێت یاخۆ نەگەیشتوونەتە ئاستی گرێبەستی درێژخایەن، ڕووسیاش ئەو ئاراستەیە بە بابەتێکی گرینگی بووژانەوەی ئابووری دەبینێت. کڕیارانی سەرەکیی چەکی ڕووسیا عێراق و ئێرانن، لەم دواییەدا میسریش ڕەزامەندی دەربڕیووە، بەڵام وڵاتانی دیکەی وەکو ئوردن، کوێت و میرنشینی عەرەبی بەشێوەی کاتی چەندان جار پێداویستیی چەکیان لە ڕووسیان کڕیووە.

دەسەڵاتدارانی ڕووسیایی لەو بڕوایەدان، کە لە ڕووی فرۆشتنی چەکەوە ڕووبەڕووی دژایەتی ئەمریکا دەبنەوە، بۆیە ناتوانن، کە لە بازاڕی ئەو وڵاتانەدا کار بکەن.پێوەندییەکانی ڕووسیا لەگەڵ ئیسرائیل پێشکەوتنێکی بەرچاویان بەخۆوە بینیووە، چونکە ڕووسیا هیچ بەربەستێکی ئەوتۆ لەبارەی بەرفراوانکردنی ئەو پێوەندیانەدا نابینێت و بروسانی ڕووسیایی زمان لەو وڵاتەدا ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە، هەر بە ڕێگەی ئەو پێوەندییانەوە ڕووسیا دەستی دەگاتە تەکنۆلۆژیای پێشکەوتووی سەردەمییانە. گۆڕانکاریی بەسەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا هاتووە و زۆرتر بەبەراورد لەگەڵ جاران بە دوای بەرژەوەندییەکانی خۆی لە جیهانی ئیسلامدا دەگەڕێت و ناسنامەی ئیسلامی بەلای تورکیا گرینگ کەوتووە، بۆیە تا ڕادەیەکی زۆر ناتێگەیشتنی لەگەڵ هاوپەیمانە کۆنەکانی واتە یەکێتیی ئەورووپا و ئەمریکای بۆ دروست بووە. ڕووسیا بەپێی ڕەچاوکردنی ئەو گۆڕانکارییانە و گرینگی ڕۆڵی تورکیا بە پێویست دەزانێت، کە پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەو وڵاتەدا پەرەپێبدات، چونکە لە ڕووی ئابووری، کولتووری و ئایدیۆلۆجیشەوە تورکیا کاریگەری خۆی لەو هەرێمەیەدا هەیە، وا دیارە کە پێوەندییەکان دەبێ تایبەتمەندیی گشتیی بەخۆوە ببینن بۆ ئەوەی ئەنجامی باشیان لێبکەوێتەوە. لە کاتی پێست سۆڤیەتدا تورکیا هەوڵی پەرەسەندنی سیاسەتی خۆی لە بەڵکاندا دەدا، کە تا ڕادەیەک لەگەڵ خواستەکانی ڕووسیادا ناتەبا بوون، بەڵام ئێستە وا پێدەچێت، کە لەو بارودۆخەدا ئەوە کێشەی سەرەکیی نەبن.

لە هەڵبژاردنە گشتییەکەی سلۆڤاکیادا


پارتی ئۆپۆزسیۆن (OLANO) زۆرترین دەنگی بەدەستهێنا



بە پێی ئەنجامە بەراییەکان، لە هەڵبژاردنە گشتییەکەی سلۆڤاکیادا، پارتی کەسانی ئاسایی و سەربەخۆ (OLANO) لەسەدا 3.25ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە و، بووەتە براوەی یەکەمی هەڵبژاردنەکە. ئاژانسی هەواڵی سلۆڤاکیا TASR، لە هەواڵێکیدا ئەنجامی بەرایی هەڵبژاردنە گشتییەکەی بڵاوکردەوە کە دوێنێ بەڕێوەچوو. لە هەواڵەکەدا باس لەوە کراوە کە پارتی کەسانی ئاسایی و سەربەخۆ (OLANO) بە بەدەستهێنانی لەسەدا 3.25ی دەنگەکان براوەی یەکەمی هەڵبژاردنەکەیە، پارتی ئاراستە-سۆسیال دیمۆکرات (SMER) بە بەدەستهێنانی لەسەدا 9.13براوەی دووەمی هەڵبژاردنەکەیە. بە پێی ئەنجامەکە هاوپەیمانی سلۆڤاکیای پێشکەوتنخواز (PS) و پارتی پێکەوەیی (Spolu) لەسەدا 8.8ی بەدەستهێناوە، پارتی ڕاستڕەوی تۆندئاژۆی سلۆڤاکیای ئێمە (LSNS) لەسەدا 8.8ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە. پارتەکانی دیکە کە توانیویانە بەربەستی لەسەدا پێنج تێپەڕێنن و بگەن بە پەرلەمان کە لە 150 کورسی پێکهاتووە، بریتین لە؛ پارتی خێزانین لەسەدا 5.7 پارتی ئازادی و پشتیوانی (SAS) لەسەدا 4.6پارتی لەپێناو گەل کە سەرکۆماری پێشووتری سلۆڤاکیا، ئاندرێژ کیسکا دایمەزراند لەسەدا 6.5 و پارتی دیموکراتی مەسیحی (KDH) لەسەدا پێنج. بە پێی ئەو ئەنجامە هیچ کام لە پارتەکان نەیتوانیوە ئەو ڕێژەیەی دەنگ بەدەستبهێنێت کە بتوانێت بە تەنیا حکوومەت پێکبهێنێت، لەبەرئەوە جگە لە بژاردەی پێکهێنانی حکوومەتی هاوپەیمانی لەو پەرلەمانەی هەشت پارت کورسیان تێیدا هەیە، بژاردەیەکی دیکە نییە.

سالی 1845:

فلۆریدا بوو بە ویلایەتی ژمارە 27ی ئەمەریکا.



سالی 1857:

شەڕی دووەمی ئەفیون بەڕپا بوو و بەریتانیا و فەرەنسا شەڕیان لە دژی چین ڕاگەیاند.



سالی 1861:

ئەلکسەندەری دووەمی ڕووسیا بەیاننامەی ئازادکردنی کۆیلەکانی واژۆ کرد.



سالی 1938:

نەوت لە سعودیە دۆزرایەوە.



سالی 1939:

وەک پشتگیریکردنێک لە یەکێتی و سەربەخۆیی خاکی هیند، مەهاتما غاندی مانی لە خواردن گرت.



سالی 2011:

ئەنجوومەنی بااڵی سەربازی لە میسر بڕیاری دەستلەکارکێشانەوەی ئەحمەد شەفیقی سەرۆکوەزیرانی واژۆ کرد.

www.xebat.net
سێ شەممە 2020/3/3 ژمارە (5945)
خەبات

زاڵمای خەلیلزاد:

پێویستە گەلی ئەفغانستان وانە لە رابردوو وەربگرێت



نێردەی تایبەتی ئەمەریکا بۆ ئاشتی لە ئەفغانستان، زاڵمای خەلیلزاد داوای لە گەلی ئەفغانستان کرد کە وانە لە رابردوو وەربگرێت و رۆژانی تاریکستانی جەنگی بە بیربێتەوە. زاڵمای خەلیلزاد لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر ئاماژەی بەوەکردووە کە لە ئەنجامی هەوڵەکانی ئەمەریکا رێککەوتنی ئاشتی لەگەڵ بزووتنەوەی تاڵیباندا واژووکراوە، ئەویش لەپێناو کۆتایی هێنان بەو تووندوتیژییەی کە سااڵنێکە لە ئەفغانستان بەردەوامبوو.

نێردەی تایبەتی ئەمەریکا بۆ ئاشتی لە ئەفغانستان، زاڵمای خەلیلزاد ئەوەشی نووسیوە: "گرنگە ئەم رۆژە لە بیر نەکرێت و پێویستە گەلی ئەفغانستانیش وانە لە رابردوو وەربگرێت و رۆژانی تاریکستانی جەنگی بە بیربێتەوە". زاڵمای خەلیلزاد هەروەها بە پێویستی زانیوە کە هەمووان بە هاوبەشی کار بکەن لەپێناو بەدیهێنانی ئەفغانستانێکی دەیخاتەگەڕ". دوێنێ شەممە دوای نزیکەی دوو ساڵ لە کۆبوونەوە و دانوستان، دواجار ئەمەریکا و بزووتنەوەی تاڵیبان لە دۆحەی پایتەختی قەتەر رێککەوتنی "هێنانی ئاشتی بۆ ئەفغانستان"یان واژوو کرد. بەپێی ئەم رێککەوتنە کە ئەمانجی کۆتاییهێنانە بە داهاتوویەکی سەقامگیر و گشتگیر بۆ منداڵانی ئەفغانستان و گوتی: "گرنگە لایەنەکانی ئەفغانستان کۆببنەوە لەپێناو دامەزراندنی وڵاتێکی خاوەن سەروەریی و نابێت ئەفغانستان بە تەنها بەجێ بهێڵدرێت و ئەمەریکا هەرچی هەوڵ و توانای هەیە بۆ پاڵشتیکردن لە ئەنوەر ئیبراهیم مەهاتیر محەمەد-ی بەوە تۆمەتبار کردبوو لەوەی هەوڵدەدات لەگەڵ پارتی "رێکخراوی نیشتمانی مالای یەکگرتوو" حکوومەتی نوێ پێکبهێنێت. 19ساڵەی شەڕی ناوخۆی ئەفغانستان، ئەمەریکا لە ماوەی 135رۆژدا ژمارەی سەربازەکانی لەو وڵاتە بۆ 1600سەرباز کەم دەکاتەوە، ئەگەر تاڵیبان پابەندبێت بە رێککەوتنەکە و دانوستانی ئاشتی لەگەڵ حکوومەتی کابوڵ-دا ساز بکات، ئەوا ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی لە ماوەی 14مانگدا تەواوی هێزەکانیان لە ئەفغانستان دەکشێننەوە.


مالیزیا..

سەرۆکوەزیرانی نوێ سوێندی یاسایی خوارد



لە بەردەم شای مالیزیا، سوڵتان عەبدوڵڵا شا، وەک سەرۆکوەزیرانی نوێی ئەو وڵاتە سوێندی یاسایی خوارد. دوێنێ شەممە شا سوڵتان عەبدوڵڵا شا، مەحیەددین یاسین-ی وەک سەرۆکوەزیرانی نوێ دەستنیشان کردبوو. لە رێورەسمێکدا کە لە کۆشکی پاشایەتی لە شاری کوالا لامپور بەڕێوەچوو، مەحیەددین یاسین لە بەردەم شا سوڵتان عەبدوڵڵا شا، وەک سەرۆکوەزیرانی نوێ سوێندی یاسایی خوارد و دەستی بە جێبەجێکردنی ئەرکەکەی کرد. هاوکات ئاژانسی هەواڵی فەرمی مالیزیا بڵاویکردەوە کە سەرپەرشتیاری کۆشکی پاشایەتی، ئەحمەد فازڵ شەمسەددین لە راگەیاندراوێکدا ئاماژەی بەوە کردووە کە بڕیارەکەی شا سوڵتان عەبدوڵڵا شا، سەبارەت بە دەستنیشانکردنی مەحیەددین یاسین بۆ سەرۆکوەزیرانی نوێ باشترین چارەسەرە بۆ ئەو گرژییە سیاسییەی کە ماوەی چەند رۆژێکە بەرۆکی وڵاتی گرتووە. رۆژی دووشەمەی هەفتەی رابردوو، سەرۆکوەزیرانی پێشووی مالیزیا، مەهاتیر محەمەد، نامەی دەستەکارێنشانەوەکەی پێشکەش بە شای وڵاتەکەی کردبوو کە تیایدا ئاماژەی بە هۆکارەکەی نەکردبوو. هەر لەو رۆژەدا، شای مالیزیا، سوڵتان عەبدوڵڵا شا، ڕەزامەندی نیشاندا لەسەر نامەی دەستەکارێنشانەوەکەی مەهاتیر محەمەد. بەر لە رۆژێک لە دەستەکارێنشانەوەکە، سەرکردەی پارتی "دادی گەل" مالیزیا کە لە 2018دا بە تۆمەتی گەندەڵی لەسەر دەسەڵات دوور خرایەوە.

کاریکاتێر



مانشێت



سکای نیوز:
ئەشرەف غەنی سەرۆکی ئەفغانستان رازی نەبوو بەوەی حکوومەت 5 هەزار بەندکراوی تاڵیبان ئازاد بکات وەک مەرجێک بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەو بزووتنەوەیە.



ئەی ئێف پی:
لە ئەمەریکا دووەم حالەتی مردن بەهۆی تۆشبوون بە ڤایرۆسی کورۆنا تۆمار کرا.



ئیلاف:
سوپای کۆریای باشوور رایگەیاند کە کۆریای باکوور دوو جۆر مووشەکی نەناسراوی تاقیکردەوە.



رۆیتەرز:
پۆلیسی یۆنان گازی فرمێسکڕێژی ئاراستەی ژمارەیەکی زۆری ئەو کەسانە کرد کە چەند رۆژێکە دەیانەوێ بە شێوەیەکی نایاسایی بچنە ناو ئەم وڵاتە.



رۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
بۆتیدجیج لە هەڵبژاردنی بەرایی پارتی دیموکراتی ئەمەریکی کشایەوە.



کەنالی ئار تی:
پۆلیسی مەکدۆنیا لە نزیک سنوورەکانی لەگەڵ یۆنان ئۆتۆمبێلێکی دەست بەسەر کرد کە 78 کۆچبەری نایاسایی هەڵگرتبوو.

ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید 19)

ڤایرۆسی کۆرۆنا

ئەو ڤایرۆسە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر کۆئەندامی هەناسە (وەک ئەنفلۆنزا).

ڕێگاکانی بڵاوبوونەوە:

ڤایرۆسەکە بە بەریەکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کەسی تووشبوودا بڵاودەبێتەوە، کانێک کەسی تووشبوو دەپژمێت یان دەکۆکێ، یان بەریەکەوتن و یان ئەو شلانەی لە دەم و لووتەوە دەردەچن.

جیاکەرەوەکانی:

جیاکەرەوە و ناسەرەوەی ئاسانی ئەم ڤایرۆسە ئەوەیە کە کەسی تووشبوو ئاو لە لووتی دێت و لەوزەکانی دەئاوسێن و دەپژمێت و تا دەگرێت، لە هەندێ کەسدا سییەکانی دەئاوسێن و هەناسەدانی زەحمەت دەبێت.

نەخۆشییەکە ئاسان بڵاودەبێتەوە (زۆر کوشندە نییە)، مەترسی زۆر لەسەر بەسااڵچوان و ئەو کەسانە هەیە کە نەخۆشی (وەک ڕەبۆ و شەکرە و نەخۆشییەکانی دڵ)یان هەیە.

نیشانە سەرەکییەکان



تەنگە نەفەسی (حاڵەتی تووندی نەخۆشییەکە)

چارەسەرییە پزیشکییەکان

ئەگەر هەست بە تا و کۆکە کرد، بۆماوەی 14 ڕۆژ لەماڵەوە بمێنەوە بۆ پارێزگاریکردن لە تە ندروستی خۆت و خەڵکی.

ئەگەر لەو ماوەیە باری تەندروستیت باشتر نە بوو، پێویستە سەردانی نەخۆشخانە بکەیت و حاڵەتەکەت بە پزیشک ڕابگەیەنیت تاوەکو چارە سەری پێویست وەربگریت.

خۆپارێزی لە دەرەوە

لەئێستا هیچ پێکوتەیەکی خۆپارێزی نییە بۆ نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا.

بەشێوەیە دەتوانیت خۆت بپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا:

- شۆردنی دەستەکان بەبەردەوامی (کاتژمێری جارێک) بە جێڵی تایبەتی کهولی یان بە ئاو و سابوون.
- لەکاتی کۆکین و پژماندا دەم و لووتت دابپۆشە.
- لەکاتی وەستان و گفتوگۆدا لەگەڵ کەسی بەرامبەر (بەتایبەت ئەگەر ئەنفلۆنزا یان هەر نەخۆشییەکی وەرزی هەبێت) بەدووری (1 مەتر) بووەستە.
- باشترە خۆت بپارێزی لە بەریەکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵکدا (وەک تۆقەکردن و ماچکردن ...).
- بەکارهێنانی ماسک لە شوێنی قەرەباڵغدا.



خۆپارێزی لە ماڵەوە

ئەگەر نیشانەی نەخۆشی سەرەتاییت هەیە یانیش هەست بە ماندووبوون و داهێزان دەکەیت، باشترە:

- پشوو وەربگریت و بخەویت.
- خۆت گەرم دابپۆشە.
- شلەمەنییەکان زۆر بخۆرەوە.
- گۆشت زۆر بکوڵێنەو و سەوزە و میوە جوان بشۆرەوە.
- ماڵ و ژوورەکان بەگەرمی بهێڵەوە تاوەکو زاڵ بیت بەسەر هەورکردنی لەوزەکان و نەهێشتنی کۆکە.



سەرچاوە: ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی



ڤینیسیۆس مێژوویەکی لە کلاسیکۆ نووسییەوە

لە یاریی کلاسیکۆدا کە لە میانی رووبەڕووبوونەوەکانی هەفتەی 26هەمینی لالیگادا بەڕێوەچوو، یانەی ریاڵ مەدریدی خاوەن ماڵ بە دوو گۆڵی بێ بەرامبەر لە یانەی بارسێلۆنای میوانی بردەوە و بۆ پێشەنگی ریزبەندیی خولەکە سەرکەوتەوە.

لە گێمی یەکەمی یارییەکەدا خاوەندارێتیی توپ زۆرتر لای یانەی بارسێلۆنا بوو کە ژمارەیەک هێرشی کاریگەری لێکەوتەوە. بەڵام گۆڵپارێزی یانەی ریاڵ مەدرید، تیبۆ کۆرتوا توانی توڕی گۆڵەکەی لە هەژان بپارێزێت.

یانەی شاهانە لە گێمی دووەمی یارییەکەدا بە هێزەوە دەستپێکرد و بەتایبەت لە 20 خولەکی یەکەمدا ژمارەیەک هێرشی یەک لەدوای یەکی بۆ سەر گۆڵی بارسێلۆنا ئەنجامدا، بەڵام نەیتوانی بە گۆڵ کۆتاییان پێبهێنێت.

لە خولەکی 71ی یارییەکەدا، لە کۆتایی هێرشێکدا کە لە باڵی چەپەوە دەستپێکردبوو، ڤینیسیۆس جونیەر لە نزیک ناوچەی سزاوە شووتێکی ئاڕاستەی گۆڵی بلوگرانا کرد و توانی توڕی گۆڵەکە بهەژێنێت و بە ئەنجامی 1-0 یانەی پێشبخات.

لە خولەکی دووی کاتی زیادکراوی یارییەکەدا (خولەکی 92) ، ماریانۆ دیاز میخیا دوای شۆێنگرتنەوەی کەریم بنزیما بە یەک خولەک، توانی گۆڵی دووەمی یانەی ریاڵ مەدرید تۆماربکات و ئەنجامەکە بکاتە 2-0.

بەم ئەنجامەش یانەی ریاڵ مەدرید کۆی خاڵەکانی گەیاندە 56خاڵ و بووەوە بە پێشەنگی ریزبەندیی لالیگا و بارسێلۆناش لە 55خاڵدا مایەوە.

وەلید ئەنوەر وەک ڕێکخەری وەرزشی نێوان کوردستان و عێراق دەستنیشانکرا



ثا: سەرهەنگ نەجمەدین

وەلید ئەنوەر موراد ڕۆژنامەنووسی وەرزشی دێرینی شاری هەولێر و عێراق، بەنووسراوی فەرمی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی عێراق ژمارە (32918) لە 1/3/ 2020 ناوبراو وەک ڕێکخەری وەرزشی تۆپی پێی نێوان کوردستان و عێراق دەستنیشانکرا، بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە وەلید ئەنوەر دەکەین و هیوادارین ناوبراو لەو ئەرکەی کەپێی سپێردراوە سەرکەوتوو بێت بۆ پێشخستنی ئاستی وەرزشی کوردستان .

بۆسکێس: نەمانتوانی خۆمان لە فشاری ریال رزگار بکەین

سێرجیۆ بۆسکێس، یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی بەرشلۆنە، وەرسی خۆی لە دۆڕان بە دوو گۆڵی خاوێن، بەرامبەر رکابەری هەمیشەییان، یانەی ریال مەدرید دەربڕی، لە یاری کلاسیکۆدا، کە رۆژی یەک شەمەی رابردوو، لە چوارچێوەی گەڕی 26 لەیارییەکانی لالیگا بەڕێوەچوو.

بۆسکیچ دوای یارییەکە لێدوانی بۆ دۆگاکانی ڕاگەیاندن دا و وتی: یارییەکە دەرفەتێکی باش بوو، بۆ نەوەی جیاوازی خاڵەکانی نێوانمان لە سەرووی ریزبەندی زیاتر بکەین، بەڵام نەوەمان بۆ نەچووە سەر. وتیشی:لە گێمی یەکەمدا یارییەکی زۆر باشمان کرد، بەڵام لە گێمی دووەمدا، شتەکان گۆڕان، بۆ ئێمە ئەستەم بووە لە دواوە یاری بکەین، ئەوان سوودیان لەوە وەرگرت و گۆڵی یەکەمیان تۆمار کرد. هەروەها وتی: دوای ئەوەی بە گۆڵێک بە پاش کەوتین، نەمانتوانی کۆنترۆڵی تۆپ بکەین، هیچ شێوازێکمان نەدۆزییەوە، بۆ ئەوەی تۆپ لە ناوچەی خۆمان ببەینە دەرەوە، لە سایەی ئەو فشارە تونەدی خستبوویانە سەرمان. هەندێ جار ناتوانی بە باشی مامەڵە لەگەڵ تۆپدا بکەیت و تووشی مەترسی دەبیت، هەرچەندە پێم وایە یاریزانی وامان هەیە، کە بتوانن جیاوازی دروست بکەن. بۆسکیچ لە بارەی هێزی جەستەوەش وتی: لە گێمی یەکەمدا ئێمە باشتر بووین، بەڵام وای نابینم دۆڕانمان بۆ هۆی هێزی جەستەوە بووبێت. لە کۆتاییشدا وتی: دەمانویست کۆنترۆڵی تۆپ بکەین، یاریزانی بە تواناشمان هەیە، بەڵام پێمان نەکرا، چونکە هەموو تیپێک کە تۆپی لەلا نەبێت، تووشی کێشە دەبێت. ئێمە لە ڕووی بەگرێکردن و هێزی جەستەوە، بە هێزترین تیپ نین، بەڵام هێشتا یاری زۆر لە لیگادا ماوە.

ڕەمزی میرەکانی

بەمەبەستی خۆئامادەکردنیان بۆ خولی نایابی تازەپێگەیشتووانان

یانەی هەولێر گرێبەستی لەگەڵ 10 یاریزان ئێمزا کرد



ثا: سەرهەنگ نەجمەدین

پێش واەی دەستپێکردنی خولی نایابی تۆپی پێی تازەپێگەیشتووانانی کوردستان، دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشی هەولێر بۆ بەهێزکردنی ئاستی تیپەکەیان بۆ وەرزی 2019 – 2020 گرێبەستی لەگەڵ 10 یاریزان بۆ ماوەی یەک وەرز ئیمزا کرد.

لەبارەگای یانەی وەرزشی هەولێر و بەئامادەبوونی مەحمود عەزیز ئەندامی دەستەی کارگێڕی یانەی وەرزشی هەولێر و سەرپەرشتیاری تیپی تازەپێگەیشتووانانی هەولێر وستافی دەستەی راهێنەرانی تیپەکە، بەمەبەستی بەهێزکردنی ئاستی تیپی تازەپێگەیشتووانانی یانەکەیان ، دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێر گرێبەستی لەگەڵ 10 یاریزان ئیمزا کرد، یاریزانەکان بریتین لە محەمەد شەهاب، مستەفاقابیل، محەمەد ئەحمەد، ئەحمەد عەدنان، وەلید تەحسین،عومەر دلشاد، سلێمان قاسم، یوسف سەعدی، محمود ئەحمەد، ئەحمەد تاریق.

سۆما ئەبوبەکر: کێشەی ئێمە لە ئێستادا نەدانی مووچەی یاریزانانە



دیانە: سولین سلێمان

سۆما ئەبوبەکر کچە یاریزانی تۆپی پێی هەڵبژاردەی عێراق و یانەی باباگورگوڕی شاری کەرکووکە، کە خەڵکی کەرکوکە، نزیکەی 6 ساڵە یاری دەکات، ئەم کچە یاریزانەی هەڵبژاردەی عێراق لەم دیانەیەکدا بۆ لاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی خەبات باس لە کاروانی ژیانی و ئەو کێشانەوە دەکات کە ئەمڕۆ ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

سۆما ئەبوبەکر دەڵێت: سەرەتای کاروانی وەرزشی من لە تەمەنی منداڵییەوە بوو، هەر لە منداڵییەوە خولیای یاری تۆپی پێم هەبووە و لە قوتابخانەدا زیاتر یاریم دەکرد، دواتر بۆ خولی کوردستان و عێراق یاریم دەکرد و ئێستاش یاریزانی هەڵبژاردەی عێراقم و لە یانەی بابەگورگور بەردەوامم.

دواتر باسی ئەو کێشە سەرەکیانە دەکات کە ڕووبەڕوویان دەبنەوە و دەڵێت: کێشەمان لە ئێستادا زیاتر نەدانی مووچەیە و دەتوانم بڵێم جیاوازی کردن و پەرە نەدان بە بواری وەرزشی کچان، هەروەها ئاماژەی بەوەشدا کە پێویستە گرنگی بە وەرزش بدرێت چ بۆ یانە یاخود قوتابخانە و کردنەوەی فێرگە تاوەکو وەرزش لە هەر شارێک و زیاتر گرنگ بێت بۆ هەمووان، ئاشکراشی کرد کە بەشداری لە خولی عێراق کردووە لە شاری بەغدا و نەجەف و بابل و هەروەها لە شاری دهۆک و سلێمانی بۆ خولی کوردستان بەشداریان کرد بە ناوی شاری کەرکوکەوە پلەی یەکەمان بەدەست هێنا و لە وڵاتی بەحرێن بۆ هەڵبژاردەی عێراق بەشداریم کرد، بەڵام بەداخەوە سەرکەوتوونەبووین، ئەویش بەهۆی چەند هۆکارێک بوو یەک لەو هۆکارانەش لەگەڵ زۆربەی یاریزانەکان یەکترمان نەدەناسی و هیچ ئامادەکاریان نەبوو تاوەکو توانای ئەوەمان هەبێ بۆیەکتر یاری بکەین و سەرکەوتوبین، چونکە دەبینین هەموو وڵاتانی تر چەندین ساڵە ڕاهێنان دەکەن و پێکەوە گرنگیان پێ دەدرێت بەڵام ڕاهێنانی ئێمە تەنها 10 ڕۆژ بوو ، بۆیە سەرکەوتوونەبووین.

لەلایەکی دیکەوە سۆما ئەبوبەکر گوتی: داواکارم چالاکی وەرزشی پەرەی پێبدرێت چونکە چالاکی کەم ئەنجام دەدرێت، ئەوەی پێویستە باسی بکەم ئەوەیە کە ڕاهێنەرەکەمان چەندین ساڵە بە پارەی خۆی و ئۆتۆمبێلی خۆی هاتووچۆمان پێدەکات بۆ ڕاهێنان و گرنگیمان پێ دەدات بێ ئەوەی هیچ یانەیەک هاوکاری بەردەوامی بکات و دەتوانم بڵێم جێگای شانازیی هەموو یاریزانەکانی کەرکوکە و هەروەها پێویستە گرنگی بە یاریزان بدرێت بە تایبەتی وەرزشی کچان لە کەرکوک .

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Tue.3. Mar. 2020 No: (5945)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

فۆرمی شیعر لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی دی دەگۆڕێت

هاشم سەراج: شیعر لای من هزر و چێژ بردن و ئیستاتیکایە

دیمانەی: هێمن ئاری

هاشم سەراج، ناوێکی دیاری نێو بواری ئەدەب و شیعرە، خاوەن قەڵەمێکی دیار و جوانە لەم نێوەندەدا. ئەو پێیوایە شیعر بەپێی گۆڕانکاری سەرچاوە مەعریفییەکان دەگۆڕێت . پێشیوایە پێش هەموو شت داهێنان کردەیەکی خود گەراییە و کۆن نابێت و سەردەمە جیاوازەکان دەبڕێت.
لەدیمانەیەکی ڕۆژنامەی خەبات ڕووبەڕووی چەند پرسیارێکمان کردەوە.

*** چۆن لەشیعر و ماهیەتی شیعر، لەتەکنیک و زمانی شیعر،یان خەیاڵی شیعر دەڕوانن؟**

– شیعر هزرو زمانە ،جۆرێکە لەبیرکردنەوە هەڵبەتە پەیوەندیەکی بەیەکداچوو لەنێوان هزر و زماندا هەیە و منی شیاعر لەڕێگەی بیرکردنەوەو هەستی ئیستاتیکی و خەیاڵ و نائاگاییەوە فۆرم و ستایلێکی تایبەتی بەتێکست دەبەخشێت و تیایدا گوزارشت لەدنیابینییەکانی دەکات، هەڵبەتە فۆرمی شیعری لەشاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر دەگۆڕدرێت، ئەمەیش پەیوەندی بەچۆنیەتی ڕوانین و دنیابینی و پاشخانی مەعریفییەوە هەیە یا بەڕوانینێکی هایدگەری سوبێکت لەکردەی شیعریدا هەوڵدەدات لەڕێگەی چالاکییە هزری و مەعریفییەکانیەوە درزو بۆشاییەکانی بوونی پڕبکاتەوە!

*** کەناوی شیعر دێت ، ناوی هاشم سەراج لەم نێوەندە دێتە بەرچاو، دەکرێ بزانین تێکەڵبوون و دەرکەوتنی تۆ لەم نێوەندە دەگەڕێتەوە بۆ کەی و چۆن خۆت لەم نێوەندەدا دۆزیوەوە؟**

– بەتەواوی نایەتەوە بیرم لەوانەیە تێکەڵبوونم بەدنیای شیعر بۆ ساڵی ۱۹۷۷ بگەڕێتەوە، جار جارە شیعرم لەڕۆژنامەی هاوکاری بڵاودەکردەوە پاشان کتێبی (دووکەڵ)م بەچاپ گەیاند کەچامەیەکی شێواوی دریژبوو دواتر دەقی (گۆڕستانی ئەپیکۆرۆس) لەگۆڤاری بەیان بڵاوکردەوە کاک مەحمود زامداری ڕەحمەتی لەبڵاوکردنەوەی ئەم تێکستەدا ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو ئیتر لەهشتاکان زیاتر لەگەڵ شاعیر و نووسەران تێکەڵبووم، بەتایبەتی لە دانیشتنەکانی شەوانی یانەی ئازادی و ئیعلام کە زۆرتر لەئەدەبیاتی جیانی دەدواین و گفتوگۆ و مشتومڕمان دەکرد !

*** چۆن دەڕوانیتە شاعیرانی ئەم سەردەمە بەبەراورد لەگەڵ شاعیرانی سەردەمی خۆتان، زۆرجار کەباس لەسەردەمی ئێوەمان و پێشتریش دەکرێت ئەم چەند دەیەیەی دوای بەوە وێنا دەکرێن شیعرەکانیان خاڵییە لە ئەندێشە و خەیاڵی تۆڵ ؟**

– ئەم سەردەمە بەسەردەمی خۆم دەزانم،چونکە تیایدا دەژیم و بەردەوام دەخوێنمەوە و دەنووسم بەپێی توانا لەگەڵ گۆڕانکارییەکان دەڕۆم، هەڵبەتە ئەم سەردەمە بەبەراورد بەسەردەمەکانی پێشوو خاوەندنی ڕیتمێکی تایبەتە بەخۆی دەکرێ بەسەردەمی وێنەوئاماژەکان و دەسەڵای جوانی جەستە ناوی بەرین، لەپاڵ ئەمەشدا جیان خاڵی نییە لەتراژیدیاو نەهامەتی و هەژاری و کارەساتی جەرگبڕ، سەبارەت بە شیعری دەیەی دوایی بەگشتی یان بابڵێین شیعری نەوەی نوێی دەقی ئەوانیش خاڵی نییە لەئەندێشە و خەیاڵ، چونکە هەریەکێک لەوانیش بەفۆرم و ستایلی تایبەت سوبێکتی خۆی دەنووسێتەوە جا ئەوەی گرنگە لێرەدا تێکست تا چ ڕادەیەک هەڵگری هزرو زانین و دنیابینی و شیعر گەراییە !

*** خەسڵەتەکانی شیعری ئەم نەوە نوێیە چین بەڕای ئێوە، ئاسایی فەلسەفە و شیعر و ئەدەب،وەک بوارەکانی دیکەی ژیان بەپێی سەردەمەکە گۆڕانکاری بەسەردادێت؟**

– خەسڵەتی شیعر بەگشتی بەپێی گۆڕانکاری سەرچاوە مەعریفییەکان دەگۆڕێت، لەم ڕوانگەیەوە دەتوانم بڵێم تێکستی شیعر لەمڕۆدا زۆرتر دەگەوێتەخانخی دەق ئاوێزانەوە، چونکە نەزری پەتی بوونی هەیە نەدەڵالەت پەتی، هەڵبەتە پەیوەندی نێوان شیعر و فەلسەفەش بۆ بیرمەندەکانی پێش سوکرات دەگەڕێتەوە کەدەقی فەلسەفییان بەزمانێکی شیعری دەڕەبڕی، لەوەڵامی پرسیاری پێشوو لەخەسڵەتە شیعرییەکانی نەوەی نوێ دوام گرنگە چۆنیەتی دەربڕین و فۆرم و ستایل و شیعرگەرایی و باکگراوندی مەعریفییە دەق تا چ ڕادەیەک دەتوانێت لەڕێگەی سیانییەکەی گادامێر و میتۆدەکانی تری تەئویل خوێنەر بەرەو چێژی ڕاژەو هەڵوەشانەوەگەرایی ببات!

*** وەک شاعیرێک،پەیامی تۆ لەشیعر چییە ،دەتەوێت لەڕێگەی شیعرەوە چ پەیامێک بگەیەنیت؟**

– دیاریکردنی پەیامی تایبەتی دەشێ کردەی شیعری بەرەو ئایدیۆلۆژیا و دۆگمابەرێت، شیعر لای من بەشێوەیەکی گشتی زرو چێژبردن و ئیستاتیکایە، باوکات شادی و ترازیدیاکانی دازاین (بوون لەنێو جیان دا) دەنووسێتەوە، چالاکییە کە بۆ پرکردنەوەی درزی بوون کە دواجار مەرگ دێت و ئەم درزە تایەتایە پردەکاتەوە!

*** دەگوترێت نوسینی شیعر پێش هەموو شت نووسینەوەی خودی شاعیر خۆیەتی، ئەمە ڕاستە ؟**

– دانیان پێش هەموشتێک کردەیەکی خود گەراییە کە کۆن نابێت و سەردەمە جیاوازەکان دەبڕێت، شیعر بوونەوەرێکی مەعریفی و کۆمەڵایەتییە لەڕێگەی خوێندنەوە هەست وخەیاڵ و تێڕامانەوە گەشە دەکات و پەرە دەسێنێت و ئاوێزانی ژینگەو دەوروبەرو کولتوورە جیاوازەکانی جیان دەبێت!

*** چەند بەرهەمی بڵاوکراوەت هەیە؟ دواین پرۆژەت چییە؟**

– دواین پرۆژەی شیعریم شیعر و سۆفیستە ڕۆژانە لەفیسبووک بڵاوی دەکەمەوە، بەرهەمە شیعریە بڵاو کراوە وبڵاونەکراوەکانیشم ئەمانەن:
– دیوانە شیعرە چاپکراوەکانی
– دووکەڵ ساڵی ۱۹۸۳
– گۆڕستانی ئەپیکۆرۆس ساڵی ۲۰۰۰
–لالە بەدەستان ساڵی ۲۰۰۱
–سروودەکانی عیشق ۲۰۰۳
–زینانی ڕۆح – کۆشیعر ساڵی ۲۰۰۵
– شالیس ساڵی ۲۰۰۶
–عەتر و حەشیش و زەهرا ساڵی ۲۰۰۸
–تێکست ساڵی ۲۰۱۰
زمان و زەماوەندی ناوەکان ۲۰۱۲
چێژ و خەیاڵ و وشە ۲۰۱۲
–شەبەنگی شینی ژمارەکان ژشیعری زیپ–۲۰۱۲
– شیعری نانۆ –۲۰۱۲
کتێب و ئاسۆکانی خوێندنەوە ژخوێندنەوەی کتێب –۲۰۱۳
– اللغه و عرس الاسماء – شعر
– هاشم السراج ژ ترجمە – المندس محمد حسین رسول –
سلسلە خایە بمرجان (کە لاویز) الثالث عشر ۲۰۰۹
کتیبی ژژناک ژ کۆمەلێک وتاری ئەدەبی ساڵی ۲۰۰۹
تاریکی خۆر – نۆڤلێت – بەهاوبەشی لەگەڵ حەمەعەلی خان ۱۹۸۶
گۆڤاری کاروان
کتێبە چاپ نەکراوەکانی ژشیعر–
دەقی سپی – شیعر ۲۰۱٤
پەخشانی شین – شیعر ۲۰۱۵
پەخشانی زەرد – شیعر ۲۰۱٦
شیعر و سوبێکت _ شیعر ۲۰۱۷
شیعر و بوون – ۲۰۱۸
شیعرولۆگۆس – ۲۰۱۹
شیعر و سۆفیست پرۆژەی ساڵی ۲۰۲۰ کاری تێدا دەکەم چەندین لێکۆڵینەوە.





لە ژاپۆن ڕۆبۆت جێگای خوێندکارەکان دەگرێتەوە

خوێندنگەیەکی ژاپۆن دەستی بە بەرنامەیەکی تاقیکردنەوە کردووە کە ڕێگە بە خوێندکاران دەدات کە نەخۆشن ڕۆبۆت بنێرنە خوێندنگە و ئەو بەرنامەیە لەخوێندنگەیەکی تایبەتی تۆمبی هایش لە کاساما کە شارێکە دەکەوێتە دوری 60 میل لە تۆکیۆی پایتەختەوە پەیڕەو دەکرێت. شایەنی باسە نمونەی ئەو ڕۆبۆتە پێی دەوترێت "تۆری هایم" و لە ڕێگەی ئۆری لابۆرەتیۆرەوە بەرەوپێش براوە.ئەو ڕۆبۆتە بچوکە کە قەبارەکەی هێندەی پەیکەرێکی بچوکە بەشێوەیەک دروستکراوە کە لەسەر مێز دادەنرێت و دوو دەستی هەیە و کامێرایەک لەسەریدا جێگیر کراوە و دەتوانێت بەکاریان بهێنێت لەڕێگەی شاشەیەکەوە کە بە دەست لێدان کار دەکات.لە 31 ئۆکتۆبەرەوە خوێندکارە نەخۆشەکان لەخوێندنگەیە تۆمبی هایش بەکار دەهێنن و لەبری ئەوان دادەنیشێت و دەتوانێت ڕاستەوخۆ وانەکانی لەڕێگەی ئەو کامێرایەی لەسەریدا جێگیر کراوە ببینن هەروەها دەتوانن هێما بکەن و چەپڵەشی لێ بدات.

دکتۆر مستەفا ڕەسوڵ: نابێت شوشتنی ددانەکان لە ڕۆژێکدا لە دوو جار کەمتر بێت

خەبات: سولێن سلێمان

دکتۆر مستەفا ڕەسول پسپۆڕی نەشتەرگەری دەم و شەویلاگ و مامۆستای زانکۆ لەم دیمانەیەدا بۆ خەبات سەبارەت بەوەی چۆن بتوانین بە باشترین شێواز پارێزگاری لە ددانەکانمان بکەین دەڵێت:

پارێزگاری کردن لە ددانەکان دەبێت سەرەتا لە مندااڵەوە دەست پێبکرێت تاوەکو تەمەنی مرۆڤ گەورە دەبێت، و ئەمەش چەند شتێک دەگرێتەوە یەکەمیان ئەو خواردن و خواردنەوانەی کەوا دەیان خۆین دووەمیش ئەو کارانەی کە بۆ تەندروستی ددانەکانمان دەیکەین زۆر گرنگە، ئەگەر لە مندااڵییەوە دەست پێ بکەین چەند شتێک هەن کە وا دەبێت لە بەر چاوی بگرین و چەند شتێکیش هەیە کە دەکەوێتە سەر مرۆڤەکە خۆی، هەروەها ئێمە شتێکمان هەیە لە پزیشکیدا کە هەمیشە هەموو وەزارەتە تەندروستییەکان بەشێکی گرنگیان هەیە پێی دەڵێن prevention center واتە ناوەندی پارێزگاری ئێستا ئێمەش هەمانە وەکو وەزارەتی تەندروستی ، هەروەها لە مندااڵیەوە وا باوە کە دەچێتە قوتابخانە لەناو تانکی ئاو خواردنەوەکانیان فلۆرایدیان بۆ تێدەکرێت . فلۆراید یەکێکە لە پێکهاتانەی کە وا هەروەکو چۆن لە هەویری ددانیش دا هەیە کە وا دەکات ددانەکانمان بە هێز بێت یان بەرگەی کاریگەریە دەرکییەکان بگرێت . و ئەوەی پێویستە لە سەر دایک و باوکی مندااڵکانیان هەر لەتەمەنێکی بچوکەوە رابێنن لەسەر ئەوەی بابەتی شیرو پێکهاتەکانی چونکە شیر بۆ منداڵ زۆر گرنگە کە بیخواتەوە، و هەروەها کاتێک و تەمەنیکی دیاری کراو نییە لە دان شوشتن بۆ منداڵ ئێمە زۆر کەس هەن دەپرسن کە وا چ تەمەنێک گونجاوە کەوا کە منداڵ دان بشوات هەر کاتێک کە منداڵ گەیشتە ئەو رادەیەی کە وا پێی بڵێی ئەو شتەی ناو دەمت قوتی مەدە و فرێ بدە دەرەوە و کردی ئەوا تەمەنی گونجاوە بۆ دان شوشتن .و دەبێت دایکان و باوکان گرنگی بەو خواردنانە بدەن کە بۆ ئێسک و دان بە سوودن چونکە زۆرترین بەشی کالسیۆم لەوێدایە و ئێمە هەموو کات ئامۆژگاری ئەوە دەکەین کە وا منداڵ پێویستە سپیایی بخوات ، چونکە زۆرترین کالسیۆم لە خواردنە سپایەکاندا هەن وەک شیرو بەرهەمەکانی هێلکە یان قەرنابیت یان ئەو خواردنانەی کە ڕەنگیان سپین ، ئەمانە زۆر گرنگن بۆ منداڵ هەم بۆ ئێسکی منداڵ و هەم بۆ گەشەی منداڵ زۆر بەسوودە، و لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک خواردنی تر هەن کە پێویستە ڕێگری لێ بکرێت بۆ ئەوەی زیان بە دانەکان نەگەیێنێت ،بۆ نمونە هەندێک خواردن هەن کە لە ئێستادا منداڵ زۆر گیرۆدەی بوونە ئەویش زۆر خواردنی شیرینیە کە ئەمەش زیانێکی زۆر بە دانەکان دەگەیێنێت ، و لە خواردنە شیرینیەکەنیە کانیش خراپتر خواردنە ترشەکانە ، ئەوەی زۆر لە ئێستادا باوە خواردنەوە گازییەکانە کە ڕێژەیەکی زۆر پێکهاتە ی ترشی تێدایە ، شیرینی هەمیشە پێویستی بە کاتە بۆمانەوەیان لەسەر دانەکان یان مانەوەی بەکتریا لەسەری، چونکە تاکە شت کە بتوانێت دان کون بکات پێکهاتە ترشەکانە دە توانێت دانەکە کون بکات و خواردنی شیرینیەکان ئاساییە بەڵام دەبێت بەڕێژەیەکی دیاریکراو بێت ، ئەگەر منداڵ شیرینش بخوات بەڵام لە دوای خواردنی شیرینییەکە دانەکانی بشوات زیانی نییە ، بەڵام هیچ گرەنتی ئەوە نییە کە خواردنەوە گازییەکان زیان بە دانەکان ناگەیێنێت چونکە دوای چەند چرکەیەک لە خواردنەوەی یەکسەر زیان بە دانەکان دەگەیێنێت، و زۆر پێویستە منداڵەکان دوور بخەیەنەوە لەو خواردنەوە گازییانە ، و ئەگەر هەر نەتوانرێت ڕێگری لێ بکرێت دەکرێ جیگرەوەیان بۆ دابنرێت وەکو ئەو خواردنەوانە بەکاربێنن کە ڕێژەی ترشییاتیان کەم تێدایە ، یان کە گازیان تێدا نییە وەکو شەربەت، و هەروەها پێویستە پێشی خەوتن دانەکان بشۆرێت ، و هەروەها کاتێک لە دوای خواردنی شتێکی گەرم شتێکی ساردی بە دوای بخورێت بە پێچەوانەشەوە ڕاستە چونکە ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی درز لە دانەکاندا دروست ببێت، بۆیە زۆر گرنگە کەوا مرۆڤی پیگەیشتوو خۆی لەو شتانە بپارێزێت، گوتیشی زۆر گرنگە کەوا فڵچەی ددان و هەویری ددان کەسەکە بە پێی پێویستی ددانی خۆیی هەڵبژێرێت، چونکە شتێک نییە گشتی بێت بۆ هەمور جۆرە دانێک ببێت، و هەمور فڵچەو هەویری دانەکان تایبەتمەندن ، هەریەکە و دەبێت بە پێی پێویستی دانەکەی هەڵبژێرێت .و شوشتنی دانەکانیش لە ڕۆژێکدا نابێت لە دوو جار کەمتر بێت زیاتریش بێت باشترە و هەروەها نابێت لە دوای نان خواردن راستەوخۆ دەست بشۆردرێت و بەڵکو دەبێت نیو کاتژمێری بەسەردا تێپەڕبێت ئنجا چونکە زیانی هەیە ئەگەر ڕاستەوخۆ بشۆردرێت .



